Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

10.24271/jgu.2023.101016

# خراپ بەکارهێنانی زمان بەپێی تێڕوانینی فەلسەفی "هێرمان کاپلن و جۆش دێڤەر"

حاتم وليا محمد ، هلمت سەردار عمر

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین

**پوختە**

بەکارهێنانی گشتگیر و سەراپای زمان تەنیا بەکارهێنانێکی بێخەوش و دوور لە کەموکوری نییە، بەڵکو زمان لە جیهانی ڕاستەقینەدا لەپاڵ لایەنە باش و ڕۆشنەکانی گەلێک لایەنی تاریک و خراپیشی هەیە ، کە هەمیشە چاوپۆشی لێکراوەو لە دەرەوەی توێژینەوە ماوەتەوە ، کە لەم توێژینەوەیە هەوڵدراوە هەندێ لە لایەنە ڕاستەقینە و تاریکەکانی بەکارهێنانی زمان لە چوارچێوەی تیۆری بەکارهێنان وەک لقێکی سەربەخۆی توێژینەوەی زمانی بە پشت بەستن بە تێڕوانینی فەلسەفی ( Herman Cappelen & Josh Dever ). کە بۆ خراپەی زمانی خراوەتەڕوو بخرێتە بەرچاو ، لە ڕێگەی لادان لەو گریمانە نموونەییانەی دایانڕشتوون . کاپلن و دێڤەر بە سوود وەرگرتن لە هەوڵەکانی زۆرێک لە تیۆردانەران کە لە بارەی زمانی سروشتی پێشکەشکراون، هەوڵیانداوە کۆمەڵێک نموونەی ئایدیالی دابڕێژن کە لادان لێیان بەکارهێنانەکانی زمان بە شێوەیەکی پلەبەند لە پەیوەندییەکی نموونەییەوە بەرەوخراپی و خراپی زیاتر دەبەن. کە لەم توێژینەوەیە ئەمە تەنیا بۆ چوار نموونەی ( لێکەوتەی ئاخاوتەیی، پێشگریمانە، شێواندنی ڕاستییەکان/ درۆ، سوکایەتی ڕاستەوخۆ یان جنێوی زبر ) پیشاندراوە .

***Article Info***

Received: October, 2022

Revised: January, 2023

Accepted: April, 2023

***Keywords***

زمانی خراپ ،کاپلن، نموونە ئایدیالیەکان ، درۆ

***Corresponding Author***

## پێشەکی

### 1- ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (خراپ بەکارهێنانی زمان) ە ، هەوڵدەدات تیشک بخاتە سەر ئەو لایەنانەی هەندێ لە بەکارهێنانەکانی زمان دەخەنە خانەی خراپەوە.

### ٢- هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە :

پشتگوێ خستنی لایەنە تاریک و خراپەکانی بەکارهێنانی زمان لە بەشێکی زۆری توێژینەوەکان و هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی کەی دەکرێ بە بەکارهێنانی زمان بوترێ خراپ ؟ یان لەسەر چ بنەما و پێوەرێک دەتوانین بریار لەسەر خراپی هەر بەکارهێنانێکی زمان بدەین ؟ لە ژێر ڕۆشنایی تێڕوانینی کاپڵن دێڤەر ، ئەو پرسیارانەن ئەم توێژینەوەیە هەوڵی وەڵامدانەوەیان دەدات .

### ٣- ڕێبازی توێژینەوەکە :

لەم توێژینەوەیە ڕێبازی وەسفی شیکاری پەیڕەوکراوە ،بۆ وەسفکردن و شرۆڤەکردن و ناساندنی بەکارهێنانی خراپی زمان.

### ٤- ئامانجی توێژینەوەکە :

(١)دیاریکردنی شوێنی بەکارهێنانی زمان لە نەخشەی توێژینەوە زمانەوانییەکان (٢)خستنەڕووی گریمانە ئایدیالییەکانی زمان (٣) هەندێ لادان لەو نموونە ئایدیالیانەی بەکارهێنانەکانی زمان دەخەنە خانەی بەکارهێنانی خراپی زمانەوە .

### ٥- ناوەڕۆکی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دووبەش پێکهاتووە : لە بەشی یەکەم لە تەوەری یەکەم تیشکخراوەتە سەر واتاو ئاراستە جیاوازەکانی توێژینەوەی زمانی و دیاریکردنی شوێنی بەکارهێنان لە نەخشەی توێژینەوە زمانییەکاندا . لە تەوەری دووەم باس لە سەرهەڵدانی توێژینەوە لە بەکارهێنانی زمان دەکرێت وەک لقێکی سەربەخۆی زمان بە بەکارهێنانە باش و خراپەکانی زمان . لەبەشی دووەم تێڕوانینی فەلسەفی ( **Herman Cappelen & Josh Dever**) بۆ خراپەی زمانی پیشاندراوە لە ڕێگانی لادان لەو گریمانە ئایدیالانەی دایانڕشتوون تەنیا بۆ چوار نموونەی ( لێکەوتەی ئاخاوتەیی ، پێشگریمانە ، شێواندنی ڕاستییەکان/ درۆ ، سوکایەتی ڕاستەوخۆو جنێوی زبر) . لە

کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و سەرچاوە بەکارهاتووەکان خراونەتە ڕوو .

**(١/١) بەکارهێنانی زمان:**

زمانەوانی نوێ لە توێژینەوەی زماندا بەدوو ئاڕاستەی جیاواز هەنگاوی ناوە ، یەکەمیان بە ئاڕاستەی توێژینەوە لە زمان بەشێوەیەکی سەربەخۆ و بەدوور لە هەموو سیاقە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکان ، بە تیشک خستنە سەر پەیڕەوی زمان و پەیوەندی ڕەگەزەکانی بەیەکترەوە ، کە زمان وەک پەیڕەوێکی ڕووت لێی دەکۆڵرێتەوە ، ئەم ئاڕاستەیە سۆسێر و ئەو ئاڕاستانەی پشتیان بە وانەکانی سۆسێر بەستبوو وەک بونیادگەرو بەرهەمهێنان وگوێزانەوە نوێنەرایەتی دەکەن . ئاڕاستەی دووەم گرنگی بە توێژینەوەی بەکارهێنانی زمان و ئەو کۆتوبەند و دیسپلینانەی تەحەکوم بەم بەکارهێنانە دەکەن و ڕۆڵی سیاقی نازمانی لە پەیوەندیی مرۆیی ، هەروەها گرنگی بە قسەکەرو گوێگر و پەیوەندی نێوانیان و ئەو جولانەی هاودەمی ئاخاوتنە لە جولەکانی جەستە ، گوزارشتەکانی ڕوو ، هاوبەشانی ئاخاوتن ، ژینگەی قسەکردن ، توانای گوێگر بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی قسەکەر ، مەودای کاردانەوەی بۆ ئەم مەبەستانەو ئەوەی پەیوەندی داوایدەکات ... ئەم ئاڕاستەیە زمانەوانی کۆمەڵایەتی و پراگماتیک خاوەنداریێتی دەکەن. (جلولي ٢٠١١ : ٥١)

(**Levinson**) سەرهەڵدانی پراگماتیک وەک کاردانەوەیەک دەبینێ بۆ چارەسەریەکەی چۆمسکی بۆ زمان کە زمانی بە شتێکی (ڕووت / تجریدی) وەسفکردبوو ، یان کورتکردنەوەی زمان تەنیا بۆ توانستێکی هۆشەکی ، بە فەرامۆشکردنی بەکارهێنان و بەکارهێنەرو ئەرکەکانی زمان . فەلسەفەی شیکاری (فریگە) بە سەرچاوەی یەکەمی سەرهەڵدانی پراگماتیک دادەنرێ ، کە لەسەر ڕێبازێکی زانستی دووبارە بابەتە فەلسەفییەکانی دارشتەوە، چونکە لە زمانی دەکۆڵییەوەو لە شرۆڤەکردنی بابەتە فەلسەفییەکان پشتی پێ دەبەست .(فوزیة ٢٠١٩: ٥٢٦)

بەهۆی لێکۆڵینەوەکانی فەیلەسووف (ڤیتگنشتاین- **wittgenstein**) ، لە کتێبەکەی بەناوی ( **philosophical investigation**) (١٩٥٣) دەڵێت '' لە واتا مەکۆڵەوە ، بەڵکو لە بەکارهێنانی وشەکان بکۆڵەوە ، هەروەها دەشڵێت هەموو وشەیەک وەک لاشەیەکی مردوو وایە لەکاتی بەکارهێناندا گیانی بەبەردا دەکرێ بەشێکی زۆر لە واتای وشەو ڕستە بەکارهێنراوەکان پشت دەبەستێ بە زانیاری هاوبەش لە نێوان قسەکەروگوێگر . بۆیە پێویستمان بە سیاق دەبێ ، بە پێی بیردۆزی سیاق واتای دەربڕینەکان بریتییە '' لەو ڕێگەیەی کە لە زماندا بەکاردێت ، یان بەکارهێنانییەتی لە زماندا '' ( فەرهادی ٢٠١٣ :٣٧) بەم شێوەیە واتای وشە یەکسانە بە ژمارەی ئەو بەکارهێنانانەی لەهەر زمانێکدا خاوەنێتی . هەروەک '' ڤیتگنشتاین'' (١٨٨٩-١٩٥١) دەڵێت ، واتای وشە بریتییە لە بەکارهێنانی ئەو وشەیە لە زماندا'' ( ناوخۆش ٢٠١٦: ٥٢)

''ڤیتگنشتاین''دەڵێت زمان خاوەنی ژمارەیەکی زۆر ''بەکارهێنانە'' وەک لە ( نوێژ ، دەربڕین لە پێ ئومێدی ، لێخۆشبوون ، تاوانبارکردن ، سەرکۆنەکردن، ...) زمان لە خۆیدا هەندێ کێشەی هەیە ، وەک (**i**) خەڵکان بە شێوەیەکی خراپ زمان بەکاردێنن . (**ii**) زمان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێ بابەت و پرسی دیاریکراو ئامادە نییە. وەک ( ژیان واتای چییە؟) (**iii**) ئەو دێوەزمە فەلسەفییەی کاتێ خەڵکی ڕووبەڕووی سنووری زمان دەبنەوە سەرهەڵدەدات . ( وەک پرسەکانی خاڵی (**i**) و (**ii**) **https://blogs.ubc.ca/badlanguage/2019/04/05/wittgenstein-are-language-games-just-playing-on-ords/#comments**) بۆیە ڤیتگنشتاین نیگەران بووە لەبارەی وەسفکرنمان بۆ سنووری زمان پێ ئەوەی بیبەزێنین و پێ ئەوەی لە دەرەوەی زمان بین ، ئەگەر شوێنی هێڵەکە نەزانین ، چۆن دەزانین لە ئانوساتی تێپەڕینین یان بەکەمجار دەکەوینە ئەم درۆیە بێمانایە .

بەکارهێنان لە زمانی کوردی لە ڕووی پێکهاتنەوە وشەیەکی چاوگی لێکدراوی داخراوی لەکارکەتووە( محەمەد ٢٠١٩: ٩٧) لە مۆرفیمی سەربەخۆی (بەکار) و چاوگی سادەی (هێنان) دروستبووە ، بەشی یەکەمی (بەکار) لە فەرهەنگ بە واتاکانی (کارین، وەکار، وریا، زیرەک ، لێهاتوو) یاخود بەواتای (کارا ، زۆرکارکەر) (موکریانی ١٩٩٩: ٩٠) (شەرەفکەندی ١٣٨١: ٨٣) هاتووە . بەشی دووەمی چاوگێکی ئەلفی تێپەڕە بەواتای (هاوردن ، ئاوردن ، هانین ، ئانین ) دێت . پێکەوە وشەی (بەکارهێنان)یان ڕۆناوە بەواتای (بەکاربردن ، یان کەڵک وەرگرتن) دێت ، کە بەرانبەر (إستعمال ، إستخدام ) ی عەرەبی و (**USE**) ئینگلیزی بەکاردێت .


(**Yule**) لە سەرەباسێک بەناونیشانی (**Using language**) ، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێویستە ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە ببینەوە کە سەرەڕای ئەوەی کە لیستێک لە تایبەتمەندی سەرەکیمان لەبەر دەستە ، بەڵام وادیارە هێشتا پێناسەیەکی دوور لە مشتومڕمان لەبەردەستدانییە لەبارەی ئەوەی کە بە بەکارهێنانی زمان دادەنرێت . بەڵام یەکێک لە چارەسەرەکان بریتییە لەوەی کە دووربکەوینەوە لە بیرکردنەوە لە زمان بە لایەنی کەمەوە لە دەستەواژەی (بەکارهێنانی زمان) بەوەی کە تاکە شتێکە مرۆڤ دەتوانێ هەیبێت یان نەیبێت . دوای ئەوە دەتوانین بڵێین کە (بەلایەنی کەمەوە) دوو ڕێگە هەیە بۆ بیرکردنەوە لە بارەی واتای (بەکارهێنانی زمان) .

بەواتایەکی زۆربەرفراوان : کە زمان وەک پەیڕەوێکی پەیوەندیکردن کاردەکات ، کە دەتوانرێت لە کۆمەڵێک هەڵوێستی جۆراوجۆر و جیاواز تێبینی بکرێت . یەکێک لەو هەڵوێستانە وەک سەرنجدان لە ڕەفتاری منداڵێکی تەمەن دووساڵان لەکاتی کارلێککردنی لەگەڵ پێشکەشکاری چاودێری منداڵان بەواتا بەرفراوانەکەی . لە هەڵوێستێکی تری هاوشێوە وەک سەرنجدان لە کارلێککردنی شامپانزی لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی دەیانناسن وەک نموونە بۆ چوارچێوەیەکی بەرتەسکی بەکارهێنانی هێما زمانییەکان لای گیانداران . کە لە هەردوو حاڵەتەکە بەژداربووان زمان بەکاردێنن . لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە ، بناغەی چالاکی پەیوەندیکردنی زمانی منداڵە دوو ساڵەکە لەتوانای بەرەوپێشبردنی پەیڕەوێکی زۆر ئاڵۆزی دەنگ و ڕۆنان خۆی دەبینێتەوە ، کە ڕێگە بە منداڵەکە دەدات گفتوگۆیەکی بەرفراوان بەرهەمبێنێت ، کە

ژمارەیەکی بێ کۆتا دەربڕین لە خۆ بگرێت . تێبینی هیچ دروستکراوێک نەکراوە کە بەم واتا بەرفراوانە زمان بەکاربێنێت . **(Yule2010:19)**

**(٢/١) بەکارهێنانی زمان وەک لقێکی سەرەکی زمان :**

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەی زمان دابەشدەکرێت بۆ : **(i)**توێژینەوە لە ڕۆنان (یاخود پێکهاتن و ستراکچەری زمان) و**(ii)** توێژینەوە لە بەکارهێنانی زمان . ( بڕوانە ئەم سەرچاوانە . **(Clark2005:191 Biber& conrad & Reppen2006:1)** . لێکۆڵینەوە لە ڕۆنانی زمان بریتییە لە لێکۆڵینەوەی فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکس و سیمانتیکی زمان . هەرچی بەکارهێنانی زمانە ، مەبەست لێی پراگماتیکی زمانییە ، کە لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی لەپاڵ سیمانتیک بەشێکن لە هێمالۆجی **(semiotics)** کە لە هەردوو جۆری هێما زمانی و نازمانییەکان دەکۆڵێتەوە ، هەرچی سیمانتیکە تەنیا لە هێما زمانییەکان دەکۆڵێتەوە ، بەشێوەیەکی گشتی پراگماتیک بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە دەربڕینی زمانی لە سیاق . کەواتە بەم پێیە دابەشکردنی توێژینەوە لە زمان بەم شێوەیە دەبێت :




ئەرکی سەرەکی هەر پەیڕەوێکی زمانی یان ڕێزمانی هەر زمانێک خۆی دەبینێتەوە لە بەیەکەوە بەستنەوەی واتا و دەربڕین ، تا دەربڕینە زمانییەکان بتوانن گوزارشت لە هزروهەستەکانمان بکەن . بۆیە ئەگەر بەشێوەیەکی تر بڕوانینە ئەم پۆلینەی زمان ، سێ ئاستی یەکەمی توێژینەوەی زمان دەکرێ بخرێنە چوارچێوەی دەربڕین ، هەرچی واتایە لقێکی سەربەخۆی ئەم دابەشکردنە دەبێت و ڕێزمان بەیەکیان دەبەستێتەوە ، بۆیە ئەگەر ڕۆنانی زمان وەک دراوێک سەیربکەین ، دەتوانین بڵێین ڕوویەکی دەربڕینە هەرچی ڕووی دووەمە واتایە ، بەڵام زمان جگە لەم دوو لایەنە لایەنێکی دیکەشی هەیە کە بەکارهێنانە ، کە لە بەرهەمهێنان و لێکدانەوەی زمان پر بایەخە . ئەم ڕووەش سیاقە ، چونکە تەنیا لە سیاقێکی دیاریکراو دەربڕینەکان دەتوانن ئەو واتایانە بگوازنەوە کە قسەکەر مەبەستێتی و گوێگریش بتوانێت بەشێوەیەکی دروست لێکدانەوەیان بۆ بکات ، دەربڕینەکان لە وشەو ڕستەو دەستەواژەکان پێکدێن لەپاڵ هێزوئاوازە ، هەرچی واتایە ئاماژە بۆ هەست و سەرچاوە تایبەتەکانی ڕەگەزەکانی دەربڕینەکان دەکات . بەڵام سیاق ئاماژە بۆ ئەو بارۆدۆخە کۆمەڵایەتییە دەکات کە دەربڕینەکەی تێدا درکێنراوە ، کە بەشێوەیەکی گشتی پشت بە زانیاری هاوبەشی نێوان قسەکەرو گوێگر دەبەستێت . بۆیە لەپاڵ واتا و دەربڕین ، بەکارهێنانی زمان یاخود سیاق بریتییە لە بنەمای سێیەم . چونکە ئەوەی کە ڕێزمان و لێکدانەوەکان بەیەکتر دەبەستێتەوە سیاقە . کەواتە بەبێ گرنگی دان بە ڕێزمان و سیاق ناتوانین لە چۆنییەتی کارکردنی زمان بگەین **(FINEGAN2008:6)**. پراگماتیک ناکەوێتە ژێر سێبەری هیچ یەک لە زانستەکانی زمان ، واتە بەتەنیا لقێکی سەربەخۆیە، بەڵام خاڵی یەکتربڕی زۆرینەیانە وەک واتاسازی ، شیکردنەوەی وتار، کۆزمانەوانی، دەروزمانی . پراگماتیک وەک بەشێک لە زانستی هێمالۆجی چارەسەری پەیوەندنی نێوان هێماکان و بەکارهێنەرانی ئەو هێمایانە دەکات .

**سیاق**

پراگماتیک لە باوەشی فەلسەفە گەشەی سەند ، پێش هەموو شتێک هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی هەندێ پرسیار لە شێوەی چی دەکەین کاتێ قسەدەکەین ؟ بەدیاریکراوی چی دەڵێین ؟ چۆن دەتوانین شتێکی تر بڵێین ، جیا لەوەی کە دەمانویست بیڵێین ؟ ...هتد پراگماتیک توێژینەوەیە لە بەکارهێنانی زمانی ، وشە واتاکەی ڕوون نابێتەوە تەنیا لە چوارچێوەی بەکارهێنان نەبێت ، بۆیە واتای وشە بریتییە لە کۆی بەکارهێنانەکانی. ( یحیی ٢٠١٧: ١٢٩)

''پراگماتیک'' توێژینەوەی زمانە لەکاتی بەکارهێنان ، واتە توێژینەوەی زمانە لە سیاقە ڕاستەقینەکەی ، نەک لە سنووری فەرهەنگ و ڕۆنانی سینتاکسی . توێژینەوەی وشەو دەستەواژەو ڕستەکانە هەروەک چۆن بەکاریدەهێنین و تێ دەگەین و مەبەستەکانی پێ دەگەیەنین ، لە بارودۆخ و هەڵوێستێکی دیاریکراو ، نەک وەک ئەوەی لە فەرهەنگەکان دەیبینین '' (مزید ٢٠١٠: ١٨)

'' پراگماتیک زانستێکی واتایی نوێیە و گرنگی بە بەکارهێنانی زمان دەدات ، ئەم زانستە واتا لە چوارچێوەی بۆچوونی بەکارهێنان لێکدەداتەوە ، هەربۆیەش هەندێجار بە زانستی بەکارهێنان **(The science of use)** ناودەبرێت '' (دزەیی ٢٠١١: ٣) تیۆری بەکارهێنان ، یەکێکە لەو بیردۆزانەی فێرس دامەزرێنەری قوتابخانەی کۆمەڵایەتی ئینگلیزی پشتی پێ بەستووەو پەرەی پێداوە ، کە دەربڕینەکان بەگوێرەی ئەو دەوروبەرەی تێیدا بەکاردێن واتا دەبەخشن . '' پراگماتیک گرنگی بەواتای وشەیی نادات ، بەڵکو جەخت لەسەر واتای بەکارهێنانیان و نزیکی و دووری و زانیاری هاوبەش لە پەیوەندیی نێوان ئاخێوەران دەکاتەوە (فەتتاح ٢٠١١: ١٩١). لێرەوە پراگماتیک پەیوەستە بەو واتایەی قسەکەر مەبەستێتی ، واتایەکی تری جیاوازە لە واتای فەرهەنگی وشەکان . بە ڕەچاوکردنی سیاقی هەر گوتنێک . کەواتە کاتێک بەکارهێنانی زمان یەکسان بێت بە پراگماتیک ، واتای هەموو دەربڕینێکیش بەپێی ئەو سیاقە دیاریدەکرێت کە گوتنەکەی تێدا دەردەکەوێت ، بەهۆی ئەوەی لەکاتی بەکارهێنانی زماندا هەموو گوتنێک دەتوانێ زیاتر لە واتایەک


ببەخشـێت ئەوە سـیاق و چوارچێوەی ئاخاوتنەکەیە واتا باش یان خراپ و بێلایەنەکانی دەربڕینەکە و لێکەوتەکانی دیاریدەکات . مرۆڤ لە بەکارهێنانی زماندا بۆ پەیوەندیکردن بە دەوروبەر پەنا بۆ پەیرەوێکی هێمای هاوبەشی رێکوپێکی لەخۆوە دەبات ، پەیوەندی نێوان هێماو هێما بۆکراو پەیوەندییەکی لەخۆوەیە کە لێکچوون لە نێوان فۆرم واتا ( هێماو هێمابۆکراو) دا نییە. بەکارهێنانی زمان هێما نووسراو و درکاوەکان دەگرێتەوە . کە بەکارهێنەرانی هەر پەیرەوێکی زمانی لەسـەری رێککەوتوون واتە جۆری پەیوەندییەکە لە رێگەی رێککەوتنی کۆمەڵایەتییەوەیە ، کە هەر هێمایەک هەڵگری واتا و مەبەسـتێکە ، ئاخێوەران لە رێگەیەوە واتا باش و خراپەکان ئاڵوگۆڕ دەکەن . ئەم هێمایانە لە بنەڕەتدا خاوەنی هیچ تایبەتمەندییەکی باش یان خراپ نین ، بۆیە دەکرێ ئەو هێمـا دەنگییە لەخۆوەی ئەمرۆ خـراپە و ناپەسـەندە بەتێپەربوونی کات ئەو سـیما نەرێنیانەی لەدەسـت بدات و بۆ مەبەستی باش بەکاربێت .
کە ئـامـانج لە جێبەجێکردنی کـارەکـانی زمـانە بۆ دۆزینەوەو گەیشتن بە مەبەستەکانی پەیوەندیکردن ، لەم رێگەوە دەتوانین لە مەبەسـتەکانی قسـەکەر بگەین . گوێگریش بە رەچاوکردنی چوارچێوەو سـیاقی ئاخاوتن دەتوانێ واتاکان لێکبداتەوە ، ئەو سـیاقەی مەبەسـتی تاکەکان لە هەر دەوروبەرێک و کاریگەریی دەوروبەریش لەسـەر گوتن لەخۆی دەگرێ . تێگەیشـتن لە واتای پراگماتیکی پەیوەستە بە تێگەیشتنی ئەو سیاقە دەروونی و کۆمەڵایەتییەی کە گوتنەکەی تێـدا ئەنجـام دەدرێ . ئەو واتـایانەشی هەڵـدەهێنجرێن بەشـێـک نین لە واتـا بـاش یـان بێلایەن و خراپی فەرهەنگی وشەو واتای رێزمانی رستەکان . واتە پراگماتیک لێکدانەوەی ئەو واتایانەیە کە سـیمانتیک توانای لێکدانەوەیانی نییە ، تەنیا لە سـیاقی بەکارهێنانیاندا باشی و خراپیان روونەبێتەوە. بڕوانە ئەم هێڵکارییەی خوارەوە .

مامۆستا : بۆ دواکەواتی ؟

قوتابی : تکایە دەرگاکە کراوەتەوە .

مامۆستا : کچم هەستە شەکرەکمان لۆ بشکێنە .

قوتابی : مامۆستا شەکرمان نەمایە .




**(١/٢) خراپ بەکارهێنانی زمان :**

بەکارهێنانی گشـتگیرو سـەراپای زمان تەنیا بەکارهێنانێکی بێخەوش و دوور لە کەموکوڕی نییە ، بەڵکو زمـان لە جیهـانی راسـتەقینەدا لە پاڵ لایەنە باش و رۆشـنەکانی گەلێک لایەنی تاریک و خراپیشی‌ ـ هەیە کە هەمیشـە چاوپۆشی لێکراوەو لە دەرەوەی توێژینەوە ماونەتەوە کە لەم توێژینەوەیدا هەوڵدراوە لایەنە راسـتەقینەو تاریکەکانی بەکارهێنانی زمان بخرێنە بەرچاو ، هەروەک (هێرمان کاپلن و جۆش دێڤەر) لە پێشـەکی کتێبی (**Bad language2019:20**) ، دەڵێن زۆر لە فەیلەسـووفانی زمـان هەوڵـدەدەن ، تیۆرو بیردۆزەکـانیـان لەبـارەی زمـان بە شـێوەیەک دابڕێژن کە زمان وەک دروسـتکراوێکی نموونەیی و پەیوەندیش وەک چالاکییەکی "نموونەیی/ ئایدیالی" پیشانبدەن واتە تەنیا لایەنە بێخەوش و دوور لە کەموکوڕییەکان بخرێنەروو ، ئەمەشـیان بێ شـتێکی ئاسـاییە ، لەبەر ئەوەی زۆرینەی پێشکەوتنە تیۆرییەکان بەرهەمی بە نموونەییکردن و ئایدیاکردنی گریمـانەکـانیـانن ، بەڵام هەر لەگەڵ بەڵاوەنـانی ئەم تیۆرە نموونەییە پێوەریانە و گەڕانەوە بۆ جیهانی راسـتەقینە ، هەندێ دیاردەی زمانی دەبینین کە لە کاتی ئاخاوتن بەکادرێن ، وەک ئەوەی قسـەکەران بە بەردەوامی درۆ دەکەن ، یارمەتی یەکتر نادەن ، یان هەندێ شـت دەڵێن هیچ واتایەکی نییە ، یەکتری سـەرکۆنەو ریسـوادەکەن ، رەنگە هیچیش نەڵێن و بێدەنگ بن ... ، بۆیە پێیـان وایە هەردوو نـاونیشـانی (زمـان لە جیهـانی راستەقینەدا– **Language in the Real world**) یان (لایەنە تـاریکەکـانی بەکـارهـێـنـانی زمـان - **The Dark Side Of Language use** ) هاوتا بکەن بۆ ناونیشـانی کتێبەکەیان . لە لایەکی تر "باتنی" ( خراپ بەکارهێنانی زمان ) یان (پەیوەندی لە رێ لادراو) بەکاردێنێت (باتنی ٢٠١٥: ٨) بەڵام ئەم جیهانە راسـتەقینەو تاریکەی بەکارهێنانی زمان تەنیا بەشـێکی کەمی لێ خراوەتەڕوو . ئەم توێژینەوە هەوڵـدەدات شـێوە خراپەکـانی بەکارهێنانی زمان بخاتە روو ، بەڵام وەک هەر توێژینەوەیەکی تر بەهۆی فراوانی لایەنی خراپ و تاریکی زمان ناتوانرێ هەموو شتێک لە یەک توێژینەوە جێبکرێتەوە .

**(١/٢-١) پەیـوەنـدی نـموونەیی ( Idealized communication) :**

چۆنییەتی کارکردنی زمان لە جیهانی راسـتەقینە لەپاڵ لایەنە باشـەکەی پڕاوپڕە لە بەکارهێنانی توندو رەق و زبری زمان و لێوانلێو لە قسـەی زۆری بێ ماناو خراپ و یاریکردن بە وشـە لەلایەن پـارێزەرێکی بێویژدان و چـاوبرسی و سـیـاسـیـەکی تەڵەکەبازو مامۆسـتایەکی زمان پڕ لە وشـەی ناپەروەردەیی وکەسـانێکی فرۆشـیـارو دەسـتگێری فێڵباز...هتد لە کاتی جێبەجێکردنی یاسا و سیایەت وپەروەردەو کارکردن .
لەناوپۆلی خوێندن کاتێک باسی زمان دەکرێت پشـت بە نموونەی زۆر ئایدیالی دەبەستین ، کە زۆرجار لە ژیانی واقیعیدا پەیرەویان لێناکرێ ، بەڵام چەقی کێشـەکان دەگەرێتەوە بۆ ئەو بیرکرنەوە ئاگامەندانەی بۆ رۆڵی زمان لەم بارودۆخانەی کە زمان بەشـێوەیەکی خراپ بەکاردێت . چونکە ئەو ئامرازە تیۆریانەی لەوبارەوە بۆ شـیکردنەوەی زمـان پێشـخراون پشـتـیان بە بەکارهێنانی نموونەی سەنگین و جدی ناوپۆل بەستووە . لەناو پۆلـدا تەنیـا زمـانێکی روون و پەتی هەیە بێ درۆ بێ فێـڵ و سـەرلێشـێواندن ( تەنانەت ئەم وێنە زۆر نموونەییە شکسـت دەهێنێت لەوەی لە زۆرینەی پۆلەکانی خوێندن جێبەجێبکرێت) . کە وێنەیەکی زۆر نموونەییە لە بارەی چۆنیەتی کارکردنی زمان .

ئەم وێنە زۆر نموونەییە بە سادەییەکەی جیادەکرێتەوە ، بەڵام ئەم سادەییەی دەبێتە کەموکوڕی کاتێک لەپۆلی خوێندن دێینە دەرەوەو لە چۆنییەتی بەکارهێنانە کوشـندەکانی زمان ڕادەمێنین . بۆ چۆنییەتی بەکارهێنانی ئامرازە تیۆرییەکانمان لە ئێســتاداو گونجـانـدنی بۆ مـامەڵەکردن لەگەڵ جیهـانێکی نـا نموونەیی ، ســەرەتا پێویســتە بزانین ئەو (گریمانە ســادانە- **simplifying assumption**) چین کە کاپلن و دێڤەر باسیانکردوون .

**(٢/١-١-١)حەوت نموونەی ئایدیالی (بەنموونەییکراو) :**

کاپیلۆن و دیڤەر پوختەی حەوت بەنموونەیکردنی ئـایـدیـالی پێشــکەشــدەکەن ، کە لە هەوڵەکانی زۆرێک لە تیۆردانەران لەبارەی زمانی سروشـتی پێشـکەشـکراون و پێیان وایە زۆرینەی کارە سەردەمییەکان پیشاندەدات کە ئەمانەن .

**گریمانەی نموونەیی یەکەم :**

''ئاخاوتن یان پەیوەندی بەشــێوەیەکی بنەڕەتی(لە بنەڕەتەوە) چـالاکییەکی هەرەوەزییە . لە ئـاخـاوتن ئـامـانجێـک هەیە کە پێویســتە بپێکرێ یـان بەدیبێت و هەریەک لە بەشـــدارانی ئاخاوتن رۆڵیان هەیە و پشـکداردەبن لە هەوڵدان بۆ گەیشـتن بەو ئـامـانـجە '' ئەم بـیرۆکەیە لە تـیـۆری هـاریـکـاری (**cooperation**) ی (پاوڵ گرایس-**Paul Grice**) هەڵێنجراوە ، ژمـارەیەک یـاســـای تونـدوتۆڵی دانـاوە بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنییەتی بەکارهێنـانی زمـان بەرێگایەکی کاریگەرو کارا ، گرنگی پێدانەکانی چڕکردۆتەوە لە چۆنییەتی جیاکردنەوەی ئەوەی بە ڕاشـکاوی دەگوترێ و لە واتای پیتی ڕسـتەکان بەدەسـت دێ ، ئەوەشی (شاراوە/ لێکەوتە)یە و پشت بەبەکارهێنان دەبەستێت و مەرج نییە واتای پیتی دەربڕینەکان بن. گرایس لە تیۆرەکەی لە بارەی زمان بەیاخێکی زۆری بە هەرەوەزی داوەو کردوویەتی بە چەقی تیۆرەکەی ، ئەمەش لە رێگای دارشـــتنی (بنەماکانی هـاریـکـاری - **cooperation principle**) . بەم شـــێوەیە دەیناســێنێت ، ''با هاوبەشـیکردنەکەت بەگوێرەی پێویسـت بێـت و لەو قـۆنـاغـەبێـت کە ڕوودەدات ، لە چـوارچێوەی مەبەســـت یان ئـاڕاســـتەی پەســـەنـد بۆ ئـاڵوگۆڕکردنی ئەو ئاخاوتنەی بەشداری تێدادەکەی'' . بەو واتایەی ئێمە پێشبینی ئەوە دەکەین کە بەشــێوەیەکی ئـاســـایی لە کاتی ئـاخـاوتنـدا بەشـــدارانی ئاخاوتن هەنگاو بەهەنگاو یارمەتی یەکتر دەدەن ، واتە ئـاخـاوتنەکـان لە زنجیرەیەک دەربڕینی پچڕپچڕ و دوور لەیەک پێکنایەن ، ئەگەر واشـــبێت ئەوە شـــتێکی ئەقڵانی و لۆژیکی نـابێت . چونکە بەلایەنی کەمەوە هەموو بەشـــدارانی ئـاخـاوتن بەوە دەنـاسرێنەوە کە هەوڵ بۆ یەک یـان کۆمەڵە مەبەست و ئامانجێکی هاوبەش دەدەن ، کە جێگای پەسەندیانە (**Grice1989:26**) ، کە ئەمەش گـریـمـانەی نـمـوونەیی یەکەمـمـان پێـدەدات کە '' ئـاخـاوتن و پەیوەنـدیکردن لە بنەڕەتەوە چـالاکییەکی هەرەوەزییە ، لە ئـاخـاوتن ئـامـانجێـک هەیە پێویستە بپێکرێ (بە ئەنجام بگەیەنرێ) ، هەر پشکدارێک لە ئاخاوتن هـاوبەشی دەکات لە هەوڵـدان بۆ گەیشـــتن بەو ئامانجە '' (**Cappelen& Dever2019:25**) . '' بەگوێرەی ئەم تیۆرە لێکـدانەوەی دەربڕاوەکـان پشـــت بە سێ هۆکـار دەبەستێت (**i**) واتای دەربڕاوەکە (**ii**) سیاق بەرهەمهێنان (**iii**) بنەمـای هـاریـکـاری : کە ڕێگە بە هەژمـارکردنی لادانەکـانی پەیوەندیکردن و پەیبردن بە گونجانی واتای دەربڕاوەکە لەگەڵ مەبەستی قسەکە دەدات'' ( علوی ٢٠١٤: ٢١)

ئەم وێنە نموونەییەی گرایس پێشکەشیکرد کاریگەری گەورەی لەسەر تیۆرەکانی زمان هەبوو ، کە تەنیا وێنەیەکی بنەڕەتی نەبوو بۆ پرۆژەیەکی هەرەوەزی ڕیشـــەیی ، بەڵکو گرایس پێشـــنیازی ئەوەش دەکات ئەگەر ئێمە لە ئاخاوتندا ڕاسـتگۆیانە هاریکاربین ، کۆمەڵێک دەرەنجامی لەسـەر چۆنییەتی پلانی بەشـداریمان لە ئاخاوتنەکان دەبێت . بۆیە چوار بنەمای گشتی دانا کە ئەم یاسا گشـتیانە بڕیار لەسـەر چۆنیەتی ئاخاوتنی قسـەکەری هاریکار دەدەن لە ڕێگای بەکارهێنانی زمان وەک چالاکییەکی هۆشـەکی . بۆیە بـنـاغـەی ســەرکەوتنی هەر گفـتوگۆیەک بەڕاددەی پابەندبوون بەم بنەمایانە دەبەستێتەوە .

١- بنەمـای (بڕ-چەنـدێتی) (**Maxim of Quantity**) :ئەم بنەمایە پەیوەســتە بە ڕادەو بڕی ئەو زانیارییانەی کە لە هەر گوتنێکدا دەردەبڕدرێن (**i**) وابکە پشکدارکردنەکەت بەکەڵک و پڕ زانیاری بێت "بەگوێرەی پێویســـتی مەبەســـتەکە بێت لە ئێســـتادا" (**ii**) وامەکە بەشـــداریەکەت ، زیاتر لە گوێرەی پێویســـت پڕ زانیـاری بێـت . واتەبڕی زانیـاری گوتنەکەت بەگوێرەی پێویست بێت وەک :

- کەی وانەکەت تەواودەبێت ؟
- کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ .

٢- بنەمای چۆنییەتی/ ڕاســتی (**Maxim of Quality**) : ئەم بنەمـایە پەیوەنـدی بەڕاســـت و دروســـتی گوتنەوە هەیە (**i**) هەوڵبدە بەشـداریەکەت ڕاسـت بێت ، لە ڕێگەی نەگوتنی ئەو قسـانەی کەپێت وایە درۆیە (شتێک مەڵێ کە پێت وایە ڕاست نییە ، یان بڕوات پێی نییە ) (**ii**) ئەو قســانە مەڵێ کە بەڵگەی پێویســتیان بۆ ســەلماندن لەبەردەســتدا نییە . واتە پێویســتە قسەکەر هەوڵبدات بێ پێچ و پەنا ، دوور لە تەمومژ ڕاستگۆیانە و لۆژیکیانە مەبەســـتەکانی دەربڕێت بێ ئەوەی پێویســـت بە بەڵگە هێنانەوە بکات ، بەمەش هاریکاری گوێگر دەکات تا بێ سەرلێشواندن لە گوتنەکە بگات .

- لەچەند وانە کەوتوویت ؟
- دوو وانە .

٣- بنەمـای پەیوەنـدی (**maxim of relation**) : (**i**) وابکە بەشـــداریەکەت پەیوەندییەکی توندی بە بابەتەکەوە هەبێت (**Be relevant**) (**ii**) زۆر ڕوون و ڕاشـــکـاوبە ( **Be perspicuous**). واتە قسەکان پێداویستییەکانی گوێگر دابین بکەن ، نەک بـابەت بگۆڕی یـان خۆت لە وەڵام بـدزیتەوە ، بەگوێرەی ئەم بنەمـایە پێویســـتە گوتنەکـانی قســـەکەر پەیوەنـدیدار بن بە بـابەتی ئـاخـاوتنەوەو ڕەچاوی دەوروبەری گوتنەکە بکەن ، بە جۆرێک کە گوێگر بەهەڵەدا نەچێت .

- تاقیکردنەوە چۆن بوو ؟
- ئاسان بوو . ( پەیوەندیدارە)

٤- بنەمای ڕەفتار - ڕوونی - شـێواز (**maxim of manner**) : قســەکان پێویســـتە بەشـــێوازێکی ڕوون و ئاشـــکرا دەربڕێن (**i**)(ڕوون بە -**be perspicuous**) واتە خۆت بەدوور بگرە لە دەربڕینی (نـادیـار-**obscurity**) ،(**ii**) خۆت بەدوور بگرە لە

گوزارشتی لێڵ و تەمومژ(**avoid ambiguity**) (**iii**) کورتبڕبە ،(**be brief**) واتە دوورکەوە لە درێژدادڕیەکی ناپێویست، (**iv**) ڕێکوپێک یان ڕێکخراو بدوێ (**be orderly**) واتە لە خستنەڕووی ڕووداوەکان ڕەچاوی ڕیزبەندی بکرێت ( **Grice 1989:26-27**).

کەواتە بە گوێرەی بنەماکانی هاریکاری ، قسەکەری نموونەیی ئەو کەسەیە زۆرترین زانیاری ڕاست و دروست پێشکەشدەکات کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە بابەتەکەوە هەبێت و دووربێت لە تەمومژ و نادیاری و بەشێوەیەکی کورت و ڕێکخراو بخرێتە ڕوو . ڕەچاوکردنی بنەماکان سوودی بۆ بەشدارانی ئاخاوتن دەبێت ، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی سەرکەوتووش گرێبدەن هەمیشە هەوڵدەدەن ڕەچاوی ئەم بنەمایانە بکەن ، بەڵام ئەگەر بپرسین لە زمانی قسەکردنی ڕۆژانەدا تا چەند ئەم بنەمایانە پەیڕەو دەکرێت ، تەنانەت لەلایەن ئەو کەسانەشی کە مەبەستیانە پەیڕەوی بکەن ، ئایا زمان ئەو ڕێگەیان پێدەدات ؟ یان ئەو بارودۆخانەی وایان لێدەکات ئەم بنەمایانە ببەزێنن و لێیان لابدەن کامانەن ؟ لەکاتی بەزاندنی بنەماکان چی ڕوودەدات ؟ " بنەماکان کۆمەڵە ڕێنماییەکن پەیوەستن بە نەریتی قسەکردن ، ئەم نەریتانەش لەوانەیە جێگیروچەسپاو نەبن ، چونکە قسەکەران بەپێی جیاوازی ڕەفتارو بیروبۆچوونیان لەوانەیە لەو ڕێچکەیە لابدەن  کە بە ڕەفتارە باشەکانی قسەکردن وەسفدەکرێن ، بۆیە لەوانەیە زۆر بلێی و زیادەڕۆیی بکەن لە ئاخاوتندا ، تەنانەت لەوانەیە هەمووکاتی ڕاستیش نەدرکێنن و لەبابەتەکان لابدەن ، بەمەش بنەماکانی هاریکاری جێبەجێنابن و قسەکەر دەیانبەزێنێت ، هەرچەند گوێگر هەمیشە چاوەڕێی ئەوە لە قسەکەر دەکات کە پابەند بێت بە بنەماکان " (محەمەد & محەمەد ٢٠١٥ :٥٧) بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری مەرج نییە هەموو جار بەشێوەیەکی مەبەستدارو ئاگامەندانە ڕوودات ، هەندێجار قسەکەر بێ ئاگایانەو هەندێ جاریش لەبەر هۆکارێک بە ناچاری پێشێلیان دەکات ، لە ئەگەری بەزاندنی بە ئەنقەستی یەکێک یان زیاتری بنەماکان کە ببێتە هۆی زیانێک دەیخاتە چوارچێوەی خراپەوە .

**گریمانەی نموونەیی دووەم:**

"هەموو قسەکەرێک هەوڵدەدات خۆی لەگەڵ بنەماکانی هاریکاری گرایس بگونجێنێت ، گوێگرانیش گریمانەی ئەوە دەکەن کە قسەکەرەکان هەوڵدەدەن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ بنەماکان ، کاتێک لێکدانەوە بۆ بەشداریەکانیان دەکەن " گریمانەی نموونەیی یەکەم پێمان دەڵێت کە هەندێ ئامانج هەن دەمانەوێت بەدەستیان بێنین و پێکەوە کاردەکەین بۆ گەیشتن بەو ئامانجە .  لە پۆلی خوێندن ، ئامانجێکی دیاریکراو هەیە ئەویش کۆکردنەوەی زانیارییە . بۆ وێنە ئەگەر بابەتی وانەکە جوگرافیای سکۆتلەندا بێت . یەکێ لە ئێمە دەزانێت کە (بن نڤیس- **Ben Nevis**) بەرزترین شاخە لە سکۆتلەندا ، یەکێکی تر زانیاری ئەوەی لایە کە ڕووباری (لۆخ لۆمۆند- **Loch Lomond**) درێژترین ڕووباری ئەو وڵاتەیە . بەڵام پێش دەستپێکردنی گفتوگۆکان زانیاریەکانمان زۆر سنووردارە لەبارەی جوگرافیای سکۆتلەندا . کە ئامانجی گفتوگۆکانمان پڕکردنەوەی ئەم کەموکوڕیەیە ، بۆیە کاتێک بمانەوێت گفتوگۆکانمان لەسەر شێوەی ئەوەبێت کە ئەکادیمیستەکان لە پۆل ئەنجامی دەدەن ، ئەوا پێویستمان بە ئایدیالیزەیشنی سێیەمە .

**گریمانەی نموونەیی سێیەم :**

" ئامانج لە ئاخاوتن (**conversation**) بونیادنانی (کەڵەکەکردنی – بەشداریکردنی) کۆمەڵێک زانیارییە ، کە هەموو بەشدارانی گفتوگۆکە لەنێوان خۆیاندا بەشیانکردووە " پێویستە ئێمە ڕوونبین لە بارەی ئەوەی ئەمە گریمانەیەکی نموونەیی زۆر قەبەیە ، چونکە بەشێکی زۆری خەڵک بایەخ بە کۆکردنەوەی زانیاری نادەن ، ئەوان تێکەڵی ئاخاوتن دەبن بە هۆکارێک کە هیچ پەیوەندی بە کۆکردنەوەی زانیارییەوە نییە ، بۆ نموونە ئارەزووی ( شەرمەزارکردن ، گاڵتەپێکردن ، هاندان ، سەرکۆنەکردن ) کەواتە بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ قسەکەر کۆمەڵێک ئامانجی هەبێت کە پەیوەندیان بە ئاڵوگۆڕی زانیارییەوە نەبێت . (**Ibid:30**)  لە پۆلی خوێندنی نموونەیی تاکە دەرەنجام کە بمانەوێ بیزانین بڕی زانیاری بەدەستهاتووە ، بۆیە دەتوانین چاودێری بارودۆخی ئاخاوتن بکەین لە ڕێگەی بەدواداچوونمان بۆ ڕاددەی پێشکەوتنی زانیاری هاوبەشی ئاڵوگۆڕپێکراو ئەمەش گریمانەی نموونەیی چوارەممان پێدەدات .

**گریمانەی نموونەیی چوارەم :**

"دەکرێ باری ئاخاوتن لە هەر خاڵێک دیاری بکرێت (بەنموونەبکرێت –بکرێتە مۆدێل) ، لە ڕێگای زەمینەی هاوبەش(**common ground**)ی ئاخاوتن : ئەو شتانەی کە زانیاریان لەبارەوە ئاڵوگۆڕ پێدەکرێت بۆ سەرجەم بەشدارانی ئاخاوتن " لە دابەشکردنی زانیاری لە نێوان بەشدارانی ئاخاوتن تەنیا ئەوەندە بەس نییە هەموو بەشداران ئەو شتە بزانن ، ئەم جۆرە لە زانیاری تاکە کەسییە دابەشبووە دەبێتە هۆی لەدەستدانی سروشتی هاریکاری زمان . زانیاری تاکەکەسی دابەشبوو بەتەنیا بەس نییە بۆ گونجانمان بەشێوەیەکی بایەخدار.

بۆ وێنە ڕێبوار و  شێوە بەیەکەوە کاردەکەن ، بۆ دروستکردنی ئۆملێت پێویستە هێلکەکە بشکێندرێت و قارچکەکە ورد بکرێت . ئەگەر ڕێبوار و  شێوە زانیان پێویستە ئەو دوو کارە بکەن ، بەڵام ئەگەر ڕێبوار نەیزانی کە  شێوە ئەمە دەزانێت . ئەوە ڕێبوار ناتوانێت تیشک بخاتە سەر شکاندنی هێلکەکە ئەگەر دڵنیا نەبێت کە  شێوە قارچکەکە سووردەکاتەوە . بۆیە هەردووکیان پێویستیان بەوەیە کە بزانن چی بکەن ، واتە هەر یەکێکیان دەزانێت کە پێویستە چی بکەن ، هەردووکیان بزانن هەر یەکێکیان پێویستە چی بکەن ، کە لە ڕێگەی زمانەوە دەکرێ بەدواداچوون بۆ ئەم زەمینە هاوبەشە بکرێت، لە ڕێگای خستنەسەر تابلۆی ئاخاوتن لەلایەن ڕێبوارەوە کە دەڵێت "بۆ دروستکردنی ئۆملێت پێویستە هێلکەکە بشکێنرێت و قارچکەکەش ورد بکرێت " . ئەمەش گریمانەی پێنجەمان پێدەدات .

**گریمانەی نموونەیی پێنجەم :**

" زەمینەی هاوبەشی ئاخاوتن  ئەوەیە کە  سەرجەم بەشدارانی ئاخاوتن دەیزانن  ، یان ئەوەی کە زانراوە لەلایەن هەموانەوە

زانراوبێت یان (هەمووان ئەوە دەزانن کە پێویستە زانراوبێت لای هەمووان)'' ئەگەر ئامانج لە ئاخاوتن بونیادنانی کۆمەڵێک زانیاری هاوبەش بێت ، پێویستە پێشبینی ئەوە بکەین کە قسەکردن بکەوێتە ژێر حوکمی ئەو پێوەرەی کە ئێمە تەنیا ئەوە دەڵێین کە دەیزانین . بۆیە ئەگەر گریمانەی ئەوەمانکرد کە قسەکەرەکان ڕەچاوی ئەم پێوەرە دەکەن ، ئەمە نموونەیی شەشەممان پێدەدات .

**گریمانەی نموونەیی شەشەم :**

''قسەکەران تەنیا ئەوە دەڵێن کە دەیزانن '' بۆ وێنە لە پۆلی خوێندن لە جوگرافیای سکۆتلەندا ، لەسەرەتا لەسەر تابلۆی ئاخاوتن(**scoreboard**) ، زانیاری ئەوەی بەن نیفس بەرزترین شاخە لە سکۆتلەندا بوونی نییە . یەکێک لە ئێمە ئەوە دەزانێت ، بەڵام هەمووان ئەوە نازانن ، ئەوکەسەی ئەوە دەزانێت لە ڕێگای دەربڕینی ڕستەی ( بەن نیڤیس بەرزترین چیای سکۆتلەندایە) دەیخاتە سەر تابلۆی ئاخاوتن . بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت پێویستمان بە گریمانەی نموونەیی حەوتەمە :'' زمانی هاوبەش وشەی خاوەن واتای جێگیر لە خۆ دەگرێت ، کە لەلایەن سەرجەم بەشدارانی ئاخاوتنەوە زانراوە ، بە جۆرێک کە قسەکەران دەتوانن لە ڕێگەی وشەی گونجاو مەبەستەکانی پەیوەندیکردنەکانیان بخەنەڕوو ''

ئەم حەوت گریمانە ئایدیالییانە نموونەی مۆدێلێکی سادەن، کە تەنیا دیاردەکانی جیهانی ڕاستەقینە ڕوونـدەکەنەوە تا ئەو ڕادەی کە جیهانی ڕاستەقینە لەگەڵ جیهانی ئایدیالی یەکسان بێت .

**(٢/٢) جێبەجێکردنی ئەم حەوت گریمانە نموونەییە لەسەر نموونەی ناو پۆل:**

- **what scot lands geography is like?** -
جوگرافیای سکۆتلەندا چۆنە ؟

بۆ وێنە سەرەتا ڕێبوار و شێوە بە شێوەیەکی هاوڕێیانە دەچنە پۆلەوە ، ئامانجێکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە (نمونەیی ١)، کە ئامانجەکەیان کۆکردنەوەی زانیارییە بەتایبەت لە بارەی جوگرافیای سکۆتلەند (نموونەیی ٣) ، لە سەرەتا ڕێبوار و شێوە هەریەکێکیان کەمێک زانیاری لە بارەی جوگرافیای سکۆتلەند دەزانن ، بەڵام ئەو شتانەی دەیزانن جیاوازن لە یەکتر ، هیچ یەکێک لەوان ئەوە نازانێت کە ئەوی تر دەیزانێت ، بۆیە زانیاریی هاوبەشیان لە بارەی سکۆتلەند نییە ، واتە لەو خاڵە هیچ زەمینەیەکی هاوبەش لە نێوانیاندا نییە . ڕێبوار دەزانێت بەن نیفس بەرزترین چیای سکۆتلەندایە و دەیەوێت شتێک بلێت و ئەو زانیاریە تایبەتە بکات بە زانیارییەکی گشتی ( نموونەیی٤)، ڕێبوار نیازی هاریکاری هەیە بە ڕەچاوکردنی بنەماکانی گرایس، بۆ ئەمەش باوەڕو متمانەی بە شێوە هەیە کە ئەویش پەیڕەوی ئەم بنەمایانە دەکات ( نموونەیی ٢) ، لە دەرەنجامی ئەوە شێوە باوەڕ بەوە دەکات کە ڕێبوار دەیڵێت ، پشت بە متمانە دەبەستێت ، ڕێبوار دەزانێت کە دەتوانێت مەبەستی خۆی ئاشکرابکات لە چوارچێوەی هەڵبژاردنی وشە لە زەمینە هاوبەش واتە (وشە زمانییە جێگیرو هاوبەشەکان- باوەکان) بۆ واتایەکی دروست (نموونەیی ٧) . بەم شێوەیە ڕێبوار ڕستەی ( بەن نیفس بەرزترین شاخە لە سکۆتلەند) دەدرکێنێت ، لەبەر ئەوەی ڕێبوار زمانێکی جێگیرو هاوبەشی بەکارهێناوە ئەوا شێوە لە مەبەستەکە تێدەگات ، لەبەر ئەوە دەتوانێت گریمانەی ئەوە بکات کە ڕێبوار هیچ نیازی شاراوەی نییە ، بۆیە دەتوانێت بڕیاربدات لەسەر نیازی دەربڕینەکە ( مەبەستی پەیوەندیکردنەکە)ی ڕێبوار ، چونکە شێوە دەزانێت ڕێبوار تەنیا دەیەوێت ئەو شتانەی دەیزانێت بیگەیەنێت (نموونەیی ٦) . شێوە دەتوانێت داننانەکەی بە نیازی دەربڕینەکەی ڕێبوار بەکاربێنێت وەک سەرچاوەیەکی زانیاری کە (بەن نیفس) بەرزترین چیایە لە سکۆتلەند ، لەبەر ئەوەی ئەو زانیارییە ئێستا خراوەتە ڕوو ، بۆیە دەبێتە بەشێک لە زەمینەی هاوبەش دەگوازرێتەوە بۆ تابلۆی ئەنجامەکانی گفتوگۆ(**conversational scoreboard**) . بۆ هەموو گریمانە بەنموونەییکراوەکان بڕوانە ( **Cappelen& Dever2019:28-35**) .

**(٣/٢) هەندێ شێوەی نانموونەیی زمان :**

لە باروودۆخ و ژینگەی نموونەیی هەر شتێک لە ئاخاوتن باسدەکرێت ئاشکراو ڕوونە ، لێرە بەدواوە باس لە هەندێ لادانی سادە لە گریمانە نموونەییەکانی زمان دەکەین بەهۆی شاردنەوەی هەندێ شت کە دەکرێ هەندێ جار ئەم لەبەرچاو ونکردنانە باش بن تا پەیوەندییەکان خێراترو ئاسانتر ئەنجامبدرێن ، ئەگەرچی ئەم بەکارهێنەرانەی زمان کەمێک لە شێوە نموونەییەکان لادەدەن ، بەڵام ناچنە خانەی زمانی خراپ ، هێشتاش ڕەچاوی بنەماکانی هاریکاری دەکەن و هاریکارن بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی بە سوود بۆ ئاخاوتنەکە ، لە تەوەرەکانی تر باس لە هەندێ لەو شێوانە دەکەین کە زمان وەک فێڵکردن بەکاردێن ، بەهۆی شاردنەوەی هەندێ شت لە ڕووکەش ، کە ئەم شاردنەوانە دەبنە ئامرازی خراپ بۆ یاریکردن بە زمان و ڕەفتاری خراپ لێدەکەوێتەوە .

**(٣/٢-١) لادان لە مەبەست و لێکەوتەی ئاخاوتن (**Devious intentions : conversational Implicature**) :**

بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری لێکەوتەی لێدەکەوێتەوە، لێکەوتە بریتییە لەواتای شاراوەی پشت وشەکان ، بەم شێوەیە قسەکەر بوارێکی بەرفراوانی لەبەردەمە تا مەبەستەکانی بەشێوەیەکی جیاواز لە دەربڕینەکانی جێبکاتەوە . گرایس دوو جۆر واتا جیادەکاتەوە(**i**) واتای ئەوەی دەگوترێ ( **What is said**) ، مەبەست ئەو واتا پیتیانەن کە وشە فەرهەنگییەکان بەگوێرەی ڕێزبوونیان لە ڕستە و پەیوەندییان لەگەڵ وشەکانی ترەوە دەیگەیەنن ، بەو شێوەیە واتایەکان لە چوارچێوەی ڕستەو وشەکان بەدەستدێن (**ii**)(واتای شاراوە – لێکەوتەیی – **Implicature meaning**) کە واتاکانی پشت بە بەکارهێنان دەبەستێت مەرج نییە واتای پیتی دەبرینەکان بێت ، بۆیە ئەم واتا زیادەیە پێی دەوترێ واتای لێکەوتەیی. لێکەوتەی ئاخاوتن یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی پراگماتیک ئەو زانیارییانەی بە شێوەیەکی ئاشکرا لە ڕستە نەگوترابن بە لێکەوتە دادەنرێن ، ئەمەش دەوەستێتە سەر ڕادەی پەیبردنی هاوبەشانی ئاخاوتن بە زانیارییە شاراوەکانی گوتنەکان ، لەم ڕێگەیەوە قسەکەر

بەدەربڕینێکی کەم واتایەکی زۆر دەگەیەنێت . واتاکانی لێکەوتە وەک دەرەنجـام بەدەســـت دێن ، کە لە ڕێگەیەوە دەکرێ دەربڕینە بە ڕووکەش بێلایەنەکان هەڕەشـــە ، تۆمەتبارکردن ، ئاگادارکردنەوە ، گاڵتەپێکردن ، ...هەڵبگرن .
وەک کاتێک ڕێبوار و شێوە ئامادەکاری بۆ ئاهەنگی شەو دەکەن :

- ڕێبوار : کەی پێویستە مەی دابنێم ؟
- شێوە : میوانەکان کاتژمێر حەوت دەگەن .

وەڵامی شێوە لە سـەرەتاوە وا دەردەکەوێت پێشـێلی بنەمای پەیوەندی گرایس بکات و وەڵامەکە هیچ چارەســەرێک بۆ ئەم پرسـیارە ناکات ، بەڵام لە راسـتیشـدا ناهاریکار نییە ، چونکە شـــێوە هـیـچ نـازانێ لەبـارەی پـلەی گەرمی نـموونەیی بـۆ پێشـکەشـــکردنی مەی ، لەبەر ئەوە هـاریکارەو دەیەوێـت تـا ئەوپەری پـابەنـد بێـت بە بنەمـای چەنـدی تـا ئەو زانیـاریـانە ببەخشـێت کە پێی وایە ڕاسـتن ، بۆیە نایەوێت کات بەفیرۆ بدات . بۆیە شـتێکی ناپەیوەند دەڵێت ، بەڵام ئەو گریمانەی ئەوە دەکات کە ڕێبوار گریمانەی ئەوە بکات ، کە ئەو لە واقیعدا هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە گەر تا ئاخاوتنەکەی پەیوەندیدار بێت . بۆیە ڕێبوار تێدەگات کە شـێوە بە پشـت بەسـتن بە بنەمای چەندی زۆرترین ڕادەی پێویسـت لە بارەی پرسـیارەکە پێشکەشـدەکات . بۆیە دەتوانێت خەمڵاندن بۆ ئەو کاتە بکات کە پێویســتە بۆ گەیشــتن بەو پلە گەرمییە نموونەییەی مەی پێویســتێتی ، بۆیە پێویســتە ڕێبوار مەیەکە ئامادە بکات لەو مـاوەیە بۆ کـاتژمێر حەوت . لەم حـاڵەتـانە گرایس پێی وایە قســەکەر پێشــێلی بنەمایەکانی کردووە ، تا گوێگر ناچار بکات بەدوای نـاوەرۆکێکی تری پەیوەنـدیـدار بگەڕێـت کە لەگەڵ بنەماکان بگونجێت ، بۆیە نەیگوتووە کە ئەو نازانێت چەند کات پێویســتە بۆ ئامادەکردنی مەی ، بەڵام مەبەســتی بووەو گەیاندوشێتی . (**Cappelen& Dever2019:60**)

ئەم نمونەیە لادان بوو لە بنەمای پەیوەندی دەکرێ بۆ لادان لە بنەماکانی تریش نموونەی تر بخرێتە ڕوو ، کە دواتر گوێگران دەتوانن ئەوە دیاری بکەن کە قســەکەر مەبەســتێتی لە ڕێگای گریمانەکردنی ئەوەی کە قسەکەر سەرەڕای لادان و پێشێلکرنی بنەمـاکـان هەر پەیڕەوی بنەمـاکـانی هـاریکـاری دەکەن ، بۆیە دەتوانن بە ڕوونی لە نیازو مەبەسـتی پەیوەندیکردنی قســەکەر بگەن . قســەکەران زیاد لە پێویســـت ئەرکی گوێگران قورس دەکەن ، نەک تەنیـا لە ڕێگەی زانـیـنی ئەوەی ڕســـتەکـان دەیگەیەنن ، بەڵکو لە ڕێگەی هەنـدێ بـارودۆخی دەرەوونی و کارکردن بۆ زانینی هۆکاری ئەوەی قسەکەری هاریکار بۆچی ئەم ڕسـتەی بەکارهێناوە ، چۆن دەکرێ ئەم بەکارهێنانە بەشـێک بێت لە ئامانجێکی پەیوەندیکردن کە لەگەڵ بنەماکانی هاریکاری بگونجێ .

بەڵام واتـای لـێـکەوتەی ئـاخـاوتـن بەردەوام لادەرە (هەڵخەڵەتێنەرە-devious) ، بەو واتایەی نیازومەبەستەکانی پەیوەندیکردن ناڕوونتر دەردەخات (لەگەڵ نەبوونی بەردەوامی نـیـازی وردی پەیـوەنـدیـکـردن). لە لـێـکەوتەی سـەرکەوتوو(successful implicature) هەندێ مەبەسـتی پەیوەندیکردن هەن کە بەشـدارانی ئاخاوتن دەتوانن بیدۆزنەوە ، بەڵام بەشـــێوەیەکی ڕوون نەخراوەتە چوارچێوەی ڕۆنـانێکی زمانی ڕوون و ئاشـکرا . وەک نموونەی ئەو شـــوفێرەی بەهۆی خێراڵێخورینەوە پۆلیس دەیوەســـتێنێت . شـــۆفێرەکە دەڵێتە ئەفسەرەکە '' ئێمە کارێکی بەپەلەمان هەیە ، ئایا هیچ ڕێگەیەک هەیە بتوانین لە کاتی ئێســـتا ئەم کارە چارەســـەر بکەین ؟'' کە شـــوفێرەکە ئاماژە بۆ پێدانی بەرتیل دەکات ، تا ئەفســـەرەکە ســـەرپێچی تێڕۆبیەکە پشـــتگوێ بخات ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمە بە ڕوون و ڕاشـــکاوانە ناڵێت ، بەڵکو مەبەســـتەکەی لە شێوەی دانپیانەنانێکی ماقوڵ دەخاتە ڕوو ، ئەگەر ئەفسـەرەکە وتی '' ئایا دەزانی کە هەوڵدان بۆ بەرتیلدان بە پۆلیس تاوانێکی مەترسیدارە؟'' ئەوکات دەکرێ شۆفێرەکە نکۆڵی لەوە بکات کە پێشـنیازی بەرتیلی کردبێت،بەڵکو تەنیا پرسـیاریان لەبارەی ڕێوشـوێنێکی خێرا کردووە تا رستەوخۆ پێبژاردنەکە بدەن . لەبەر ئەوەی لێکەوتە پێویسـتی بە پلەیەکی دیاریکراو لە خوێندنەوەی هزر هەیە بۆ تێگەیشـــتن لە مەبەســـتە نادیارەکانی (ناڕوون – نائاشکرا) پەیوەندیکردنی قسەکەران ، بۆیە بەردەوام دووچاری ڕوودانی هەڵە دەبنەوە بۆیە قســـەکەری (فێڵزان- لادەر) و ناهاریکار دەتوانن ئەم ڕاستییە بقۆزنەوە لە ڕێگەی بانگەشـەی نـاڕاســـت بەوەی کە گوێگران خراپ لە مەبەســـتەکـانیـان گەیشـــتوون . بێگومان سـنورێک هەیە بۆ ئەم خۆ دەربازکردنە واتە مەرج نییە لە هەموو شـوێنێک تا کۆتا سـەربگرێت . بڕوانە (Cappelen& Dever2019:68)

**(٢-٣/٢) لادان لە پێشگریمانە :**

پێشـــگریمانە / گریمانەی پێشـــەکی (**presuppositions**): دەکرێ وەک ئەنجام یان بۆ دەرکەوتنی ڕاستی دیاریکەین لەکاتی درکاندنی ڕستە . هەوڵە یەکەمینەکانی توێژینەوەی پێشگریمانە دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەســـووفی قوتـابخـانەی ئۆکســـفۆرد '' ســـتراوســـن'' ( کادة ٢٠١٢: ٦٨) بیرۆکەی پێشـــگریمانە لە ســـەردەمی نوێ بۆ یەکەمجار لەلایەن زانای ماتماتیکی ئەڵمانی (**Gottlob Frege**) دووبارە هەڵســـەنگاندنەوەی بۆ کراوە ، ســەرەڕای ئەوەی بیرۆکەکە بە لایەنی کەمەوە بۆ فەیلەســووفی ســـەدەکانی ناوەڕاســـت (**Petrus Hispanus**) دەگەڕێتەوە (**Huang2007:64**) بۆ وێنە کاتێک بە کەسـێک دەلێی دەرگاکە دابخە ، پێویســـتە دەرگاکە کرابێتەوە ئەو کەســـەشی فەرمانی پێدەکرێ توانای ئەنجامدانی کارەکەی هەبێت.
''زاراوەی پێشگریمانە لە هەردوو ئاستی سیمانتیک و پراگماتیکدا بۆ ئەو پرۆســـەیە بەکـاردێ ، کە (گوێگر/وەرگر) لە ڕێگەی کەرەسـە زمانییەکانەوە پێشگریمانەی واتایەکی دەرنەبڕاو دەکا ، ئەم بۆچوونە لە بنەڕەتدا بەدەســـتهێنانی پێشـــگریمانەیە بۆ ڕسـتەیەک'' بۆچوونی پێشـگریمانە سـەرەتا لە لۆجیکدا هاتۆتە ئارا ، لەوێوە پەیوەندار دەبێ بە دروسـتی و نادروسـتی ڕسـتەکانی زمانەوە . ئەو واتایەی لە پێشـــگریمانەکردنەوە بەدەســـتدێت بەرهەمی وەرگرە'' ( کەمال & عەلی ٢٠١١: ٣٣-٤١)
کەوتە پێشـــگریمانەی پراگماتیکی هەڵێنجانی واتا یان زیاتر لە زانیارییەکە لە دەربڕینێک لەلایەن وەرگرەوە ، بۆ ئەمەش پشـت بە دەوروبەر دەبەســـتێت ، بە لەبەرچاوگرتنی جۆر و ڕۆنـانی گوتنەکە . پێشـــگریمـانە کـاتێـک لاواز یـان خراپ دەبێـت تێگەیشـــتنی خراپ دروســـت دەکات . بۆ وێنە هەندێ وشـــە

خاوەنی هەندێ تایبەتمەندین لەکاتی بەکارهێنانیان دەکرێ خراپ سوودیان لێ وەربگیرێت ، بۆ وێنە کاتێک کەسێک دەڵێت :

- من دەستم لە جگەرەکێشان هەڵگرتووە .

ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەو کەسە پێشتر جگەرەی کێشاوە ، ئەگەر وا نەبێت ئەوا ئەم قسەیەی هیچ واتایەکی نابێت . بەڵام ئەوە روون نییە ، کە ئەوەی گوتوومە هەڵە بێت ، ئەگەر هەرگیز جگەرەم نەکێشابێت ، بۆیە ناکرێ لە رووی ڕاست و هەڵەوە هەڵبەسەنگێنرێ . "فریگە" باس لەوە دەکات کە لە پێشگریمانەدا مەرجی ڕاستی نابێتە مەرج ، واتە دەکرێت ڕستەیەک ناڕاست بێت و پێشگریمانەشی بۆ بکرێت ، ئەگەر وتنی ناڕاست پێشگریمانەشی بۆ بکرێت هیچ سودێکی نابێت بۆ توێژینەوەو شیکاری لۆژیکیانە ، چونکە وتنەکان ناڕاست بن هیچ سودێکیان نابێت و پێشگریمانەکانیشیان وەکو خۆیان ناڕاست دەبن" (فەرەج & عەزیز ٢٠١٩: ٨٤)

هەندێ جار بەکارهێنانی پێشگریمانە بە سوودە هەروەک لێکەوتە چونکە لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری هاوبەش کاردەکەن کە ئەمەش ڕێگە بە کورتبڕی دەدات ، بۆ وێنە قسەکەر دەتوانێت بڵێت "دوای دەستهەڵگرتن لە خواردنی شیرنەمەنی هەندێ کێشم لەدەستداوە" . لە بری ئەوەی بڵێت "وەک دەزانی ، کە من شیرنەمەنیم زۆر دەخوارد ، ئێستا ئەوە ناکەم ، لە دەرەنجامی ئەوە کێشم دابەزیوە " .

بەڵام هەندێ جاری تریش دەکرێ بەشێوەیەکی زیانبەخش بەکاربێت ، واتە مەبەستێکی خراپی لە پشتەوە بێت ، وەک کاتێک کەسێک بیەوێ ناوبانگی هاورێیەکی بشێوێنێت و پلاری لێبدات ، کاتێک کەسێک خۆی بەدوور دەگرێت لە خواردنی سوورکراوەو تێرچەوری  بە توانج بەهاورێکەی دەڵێت :

- ڕێبوار زۆر ئاسوودەیە لە بارەی خولیاکانی خواردنی ، لە خواردنی کێک و خواردنە چەورەکان نەوەستاوە .

ئەم شێوە قسەکردنە ڕەنگە ببێتە هۆی کاریگەری نەرێنی ، ئەگەر گوێگران زانیاریان لەبارەی خولیاکانی خواردنی ڕێبوار نەبێت ، پێشگریمانەی ئەوە دەکەن کە پێشترو لەکاتی ئێستاش کێک و چەوری دەخوات . بەڵام قسەکەر خۆی لە بەرپرسیارێتی ئەم تێڕوانینە خراپە دەدزێتەوە ، ئەمە وەک ئەوە نییە ڕاستەوخۆ شتێکی خراپ لەبارەی ڕێبوار بڵێت . **(Cappelen& Dever2019:108)**

هەندێ وشە لە رووی واتاوە بەراورد بە وشەکانی تر چەواشەکارو هەڵخەڵەتێنەرترن . بۆ وێنە وشەی **(Regret)** لە زمانی ئینگلیزی لە ڕستەی :

- ڕێبوار بەداخە/ پەشیمانە بۆ دزینی ئۆتۆمبێلی شێوە .

واتا ئاشکراکەی پەیوەندی بە هەڵوێستێکی دیاریکراو هەیە ، کە حاڵەتی هۆشەکی ڕێبوارە . بەڵام بە وتنی ئەم ڕستەیە دانمان بەوە ناوە کە ڕێبوار ئۆتۆمبێلەکەی  شێوەی دزیوە . ئێمە ئاشکرا ئەوە ناڵێین ، بەڵکو لۆژیکی نییە کە بڵێین ڕێبوار بەداخە بۆ دزینی ئۆتۆمبێلەکە ئەگەر واینەکردبێت .

- ڕێبوار بەداخە بۆ دزینی ئۆتۆمبێلی شێوە . ( پێشگریمانە: ڕێبوار ئۆتۆمبێلەکەی شێوەی دزیوە)
- ڕێبوار لە بیریکردووە کە  شێوە خاوەنی ئۆتۆمبێلە . (پێشگریمانە :  شێوە خاوەنی ئۆتۆمبێلە)
- ڕێبوار دڵخۆشبوو ، چونکە شێوە ئۆتۆمبێلێکی نوێی کڕی ( پێشگریمانە :  شێوە ئۆتۆمبێلێکی نوێی کڕیوە) . **(Cappelen& Dever2019:75)**

هیچ کام لەم ڕستانەی کە خاوەنی کاری واقیعین بە ئاشکرا ناڵێن تەواوکەرەکانیان ڕاستن .  نامۆ و گونجاویش نییە بەکاربێت ، ئەگەر تەواوکەرەکانیان ناڕاست بن ، یەکێک لە نیشانە تایبەتەکانی دۆزینەوە دەستنیشانکردنی پێشگریمانە بریتییە لە مانەوەی ناوەرۆکە گریمانەکراوەکە سەرەڕای نەرێکردن یان حاڵەتەکانی تری ڕێزمانی . شتێکی نامۆ دەبێت ، بڵێین کە ڕێبوار بەداخە/پەشیمانە بۆ دزینی سەیارەی  شێوە ، ئەگەر ئۆتۆمبێلەکەی  شێوەی نەدزیبێ . هەروەها نامۆش دەبێ بڵێین ڕێبوار بەداخ نییە بۆ دزینی ئۆتۆمبێلەکەی  شێوە ، ئەگەر ئۆتۆمبێلەکەی  شێوەی نەدزیبێ . ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕێبوار ( بەداخە بۆ دزینی ئۆتۆمبێلەکەی  شێوە) ئەمەش تەنیا واتای ئەوە نییە کە ڕێبوار ئۆتۆمبێلەکەی دزیوە و هەست بە تاوان و خراپە دەکات ، ئەگەر ئەمە مانای ئەوە بێت کە ڕێبوار بەداخ نییە بۆ ئۆتۆمبێلەکە ئەمە تەنیا واتای ئەوەیە شتەکە بەم شێوەیە نییە . لەو حاڵەتانەش کە ئۆتۆمبێلەکەی نەدزیبێت تەواو ڕاست دەبێت .   بۆیە ناوەرۆکی پێشگریمانە تا ڕاددەیەکی زۆر سەربەخۆیە لە بەشەکانی تری ناوەڕۆکەکە ، بۆیە کاتێک بە شێوەیەک دەستکاری بەشەکەی تری ناوەڕۆکە دەکرێت ، ناوەڕۆکی پێشگریمانەکراو هەموارناکرێن ، وەک لە نموونەکانی خوارەوە پیشاندەدرێت .

- نەرێ :  ڕێبوار بەداخ نییە بۆ دزینی ئۆتۆمبێلەکەی شێوە.
- پرسیارکردن:  ئایا ڕێبوار بەداخە بۆ دزینی ئۆتۆمبێلەکەی  شێوە؟
- ڕێبوار راهاتووە کە بەداخ بێت بۆ دزینی ئۆتۆمبێلەکەی  شێوە.
- لەوانەیە ڕێبوار بەداخ بێت بۆ دزینی ئۆتۆمبێلەکەی شێوە.

بەم شێوەیە ئەگەر سەیری ڕستەکان بکەین هەریەک بەشێوەیەک کەموکوڕی هەیە ، بۆ نموونە لە ڕستەی "ڕێبوار بەداخ نییە بۆ دزینی ئۆتۆمبێلی  شێوە" کاتێک ڕێبوار ئەم کارەی نەکردبێ ، ڕستەیەکی نەشیاوە ، چونکە ڕاست نییە . هەروەها گوتنی " ڕێبوار بەداخە بۆ دزینی ئۆتۆمبێلی  شێوە" کاتێک ڕێبوار بەداخ نەبێت بۆ شتێک ئەمە ڕستەیەکی هەڵەیە  . بۆیە ئەمە بەشێک لە زانیاری ناڕاست دەخاتەڕوو کە کەسانی هاریکار لە ئاخاوتن ئەنجامی نادەن . هەروەها وتنی "ڕێبوار بەداخ نییە بۆ دزینی ئۆتۆمبێلی  شێوە" ، کاتێک ئۆتۆمبێلەکەی نەدزیبێ هەڵە نییە ،بەڵکو نامۆ و نەشیاوە . چونکە بە ئاشکرا زانیارییە

ناڕاستەکان ناخاتە ڕوو ، بەڵکو بەشێوەیەک هەڵسوکەوت دەکات وەک ئەوەی بە ڕاستی ئەم زانیاریانە بوونیان هەبێت . لە حاڵەتەکانی دوور لە فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و دەستخەرۆکردن ، زانیاریە گریمانەکراوەکان بە دروستی بوونیان هەیە ، ئەگەر بەڕاستی توانیمان بیسەلمێنین ڕێبوار ئۆتۆمبێلەکەی دزیوە ، ئەوکات دەتوانین لۆژیکانە گفتوگۆ لەبارەی ئەوە بکەین کە بەداخە یاخود نا . ئەوکات بانگەشەکانمان لە بارەی بەداخبوون کاردەکەن ، چونکە (پەشیمانبوون) وەک ئەوەیە کە بەڕاستی سەلماندبت کە ڕێبوار ئۆتۆمبێلەکەی دزیبێت ، لەو حاڵەتانە ( پێشگریمانەکان) وەک لێکەوتەکانی ئاخاوتن دەتوانن هۆکارێک بن بۆ کەمکردنەوەی ئەرکی زمان . کاتێک گفتوگۆکانمان زەمینەیەکی هاوبەشی دەوڵەمەندی سازاندبێت ، پێویستە سوود لەو دەربڕینە زمانیانە وەربگرین کە پشتیان بەم زەمینە هاوبەشە بەستووە . تا ناچار بە دووبارەکردنەوەی ئەو زانیاریانە نەبین کە بنیادمان ناوە .

بەکارهێنانی پێشگریمانەی زمانی بە ڕێگایەک دادەنرێت بۆ پاراستنی تانوپۆی گونجان و ڕێکخستنی زمانی هاوبەشانی ئاخاوتن بەشێوەیەکی دروست لەسەر زەمینەیەکی هاوبەش . لە ڕێگای گریمانەکردنی ئەوەی ''ڕێبوار ئۆتۆمبێلەکەی شێوەی دزیوە'' ، ئەم ڕاستیەش بەشێکە لە زەمینەی هاوبەش ، لەو کاتانەی هەر کەسێک ڕێڕەوەکەی ونکرد . لەبەر ئەم هۆکارەی (کاپلن) پێشنیازی بنەمایەکی تری هاریکاری دەکات بەناوی ( بنەمای پێشگریمانە -**Maximize presupposition**) . بۆ وێنە شتێکی نامۆ دەبێت کە ڕستەی (٢) لە بری (١) بڵێین .

(١) دووچاوەکانی ڕێبوار کراوەن .

(٢) هەر دوو لە چاوەکانی ڕێبوار کراوەن .

کاتێک سوود لە پێشگریمانە وەردەگرین وەک بەشێک لە زەمینەی هاوبەش هەردوو ڕستەکە پێشگریمانەی ئەوە دەکەن کە ڕێبوار دووچاوی هەیە ، بۆیە پێوستە پشت بەو دەربڕینانە ببەستین کە بە تەواوی گوزراشت لەو کە پێشگریمانانە بکات . بۆ وێنە وشەی (هەر دوو ) شکست بەم پێشگریمانە دەهێنێت ،کە لە ڕستەی (٢) بەشێوەیەکی لێکەوتەیی ئاماژە بۆ ئەوەدەکات ڕێبوار ژمارەیەکی دیارینەکراو چاوی هەن .

کەواتە ئەوکاتانەی پێشگریمانەش ببێت بە بنەمایەکی هاریکاری وەک بنەماکانی تر دەکرێ لەهەندێ حاڵەتی لێکەوتەیی هاریکاربێت و لە هەندێکی تر لادان لەو بنەمایەش ڕووبدات هەروەک هەندێ جۆرەکانی تری لێکەوتە ، کە تارادەیەک بێ زیان و تەواو هاریکارە . هەندێجار وا باشترە هەندێ بەشی دیاریکراو لە ئاخاوتن لە بەرچاومان بخلیسکێ (ڕۆبچێ – بخزێ) . بۆ وێنە لە چێشخانەیەک نووسراوە ( بەداخەوەین بۆ ئەمە ، کە ناتوانین چەکی کەسی پەسەند بکەین. لەم ڕستەیە هەمووان پێشگریمانەی ئەوە دەکەن کە چێشتخانەکە چەکی کەسی وەرناگرێت . بەڵام لێرە مەبەستەکە ئەوە نییە ، چونکە سەرجەم بەشدارانی ئاخاوتنەکە ئەمەیان دەزانی ، بەڵکو لەبری ئەمە چێشتخانەکە بەشێوەی لادان و فێڵ ئەوە ڕادەگەیەنێت کە چەکی کەسی وەرناگرن ، لە ڕێگەی نواندنی ئەوەی کە هەمووان پێشتر ئەمەیان زانیوە ، گریمانەکردنی ئەوەی ئەگەر هەمووان ئەوە بزانن ڕێگەیان پێدەدات ئەم کارە نەکەن . کە لەم حاڵەتە مامەڵەکردن بەم شێوەیە بۆ سوککردنی گوتنەکەیە ، چونکە قورسە ڕاستەوخۆ بە خەڵکی بڵێی تۆ بەگوێرەی پێویست متمانەیان پێناکەی تا چەکە کەسیەکانیان پەسەند بکەی . بەڵکو بە شێوەیەک ڕەفتار دەکەی وەک ئەوەی پێشتر شتە رووشکێنەکە ڕوویدابێت ، تۆ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەداخبوونی خۆت بۆ ئەم حاڵەتە دەردەبڕی . لەلایەکی تر قسەکەران دەتوانن پێشگریمانە بەکاربێنن بۆ دزەپێکردن و دەرهێنانی بە زۆری زانیاری بۆ سەر زەمینەی هاوبەش کە ڕەنگە هاوبەشانی تری ئاخاوتن ئەمەیان نەوێت . بۆ وێنە شێوەی خراپی ئەم جۆرە لە کاتی لێپرسینەوە لە شایەدحاڵەکان ڕوودەدات ، وەک کاتێک پارێزەرێک دەپرسێت : ئایا لەگەڵ هاتنی هاوینی ٢٠٢١ دەستت لە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر هەڵگرتبوو ؟ ئەوەی کە پێشگریمانەی ئەوە دەکات کە پێش ئەو هاوینە ماددەی هۆشبەری بەکارهێنابێت دەڵێت بەڵێ ، بۆیە وەڵامدانەوە بە بەڵێ داننانە بە بەکارهێنانی ئەم ماددەیە پێش ئەوکاتە ، لەکاتێکدا وەڵامدانەوە بە نەخێر ، دووبارە داننانە بە بەکارهێنانی ئەم ماددەیە دوای ئەم هاوینەش . بۆیە پێوستە شایەدەکان نە بە بەڵێ و نە بەنەخێر وەڵام نەدەنەوە ، بەڵکو بەو شێوەیە وەڵام بدەنەوە کە ئەوان هەرگیز کۆکاییینیان بەکارنەهێناوە . بڕوانە (**Cappelen& Dever2019:84**)

**(٢/٣-٣) شێواندنی ڕاستییەکان (** messing with the truth**) :**

**(٢/٣-٣-١) قسەکردن بەدرۆ** (Speaking Falsely)

بە دڵنیاییەوە ڕاستی گرنگە بۆ پەیوەندیکردن ، بەڵام زۆرجار قسەکەران ڕاستی فەرامۆشدەکەن ، هەروەها ڕاستی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەوێناکردنی ئەو نموونەیانەی پێشتر بۆ پەیوەندیکرن خستمانە ڕوو بە تایبەتی خاڵەکانی (٣-٥) کە ئاشکرا دیارە گرنگی زۆر بە ڕاست و دروستی ئەو زانیاریانە دراوە کە لەنێوان هاوبەشانی ئاخاوتن ئاڵوگۆڕ دەکرێت ، یان ئەو شتەی کە پێویستە زانراوبێت لای هەمووان دەبێت ڕاست بێت . هەروەها گرنگی ڕاستی لە بنەمای چۆنییەتی وەک یەکێک لە بنەماکانی هاریکاری لە تیۆرەکەی گرایس تیشکی خراوەتە سەر .

**(٢/٣-٤) درۆکردن و چەواشەکاری(سەرلێشێواندن/ گومراکردن/ فریودان)** (lying and misleading)**:**

لێرە بەدواوە باس لەو حاڵەتانە دەکەین کە بەشێوەیەکی جدیتر ڕاستیەکان دەشێوێنرێن . بۆیە کاتێک باسی ئەو هەموو شێوەی درۆ و فێڵ و چەواشەکارییانە بە زمان دەکەین ، دەربڕینی دوور لە درۆ یەکسان دەبێت بە شتێکی پێکەنیناوی ، کێشەی زمان لەوەدایە کە هیچ وشە و دەربڕینێکی تایبەت بە درۆ بوونی نییە ، بۆیە دەبێت بەدوای ناسین و مەرجەکانی درۆدا بگەڕێین . ئەگەر سەرەتا بمانەوێ پێناسەی درۆ بکەین ، دەبینین پێناسیەکی پەسەندی گشتگیر بوونی نییە ، بەگوێرەی فەرهەنگی ئۆکسفۆردی ئینگلیزی '' دەربڕینی لێدوانێکی ناڕاستە بە مەبەستی فێڵکردن '' ، ئەم پێناسەیە کێشەی زۆرە ، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر بە پەسەند دەزانرێت بەم شێوەیە ''درۆ لێدوانێکە کەسێک دەریدەبڕێت بێ ئەوەی خۆی باوەڕی پێ هەبێت یان بەڕاستی بزانێت ، بەو مەبەستەی کەسێکی تر باوەڕ

بە ڕاســتی وتنەکە بهێنێت. " یان بریتییە لە دروســتکردنی باوەڕهێنانێکی درۆینە بۆ کەســێکی تر ، بێ ئەوەی قســەکەر باوەڕی وابێت ئەوەی دەیڵێت ڕاســتە ، بە ئامانجی ئەوەی کەســەکەی تــر بــاوەڕ بە ڕاســتی وتــنەکە بــکات (**https://plato.stanford.edu/entries/lying-definition/**) .

ئەم پێناســەیە پێناســەی تەقلیدی درۆیە ، بەگوێرەی ئەم پێناســەیە بەلایەنی کەمەوە درۆ پێویســتی بە چوار مەرج هەیە (١) کەســێک لێدوانێک بدات (مەرجی بوونی لێدوان) (٢) کەسەکە لەو باوەڕەدابێت ئەم لێدوانە درۆیە(مەرجی ناڕاستی ) (٣) ئەو لێدوانەش ئاراستەی کەسێکی تر بکرێت (مەرجی بوونی وەرگر) (٤) قسەکەرەکە مەبەستی بێت لێدوانە ناڕاستەکە بە ڕاســتی بگات (مەرجی نیازی فێڵکردن لە گوێگری هەبێت) . ئەگەر ورد بینەوە لەم مەرجە پێشــنیازکراوانە بۆ درۆ گەلێک نموونەی پێچەوانەمان بەرچاو دەکەوێت ، بۆیە ئەم مەرجانە شــکســت دێنن لە لەخۆگرتنی بیرۆکەی درۆ ، نابنە مەرجی پێویست بۆ درۆ ، چونکە لەلایەک زۆر بەرتەسکن ، لەلایەکی تر هەرچوار مەرجەکە ڕەخنەی زۆریان ڕووبەڕوو دەکرێتەوە بۆیە زیادکردنی هەندێ مەرجی تر دەبێتە پێویستی بۆ پێناسەیەکی گونجاوتر . لە خوارەوە هەریەک لەم مەرجانەو ڕەخنەکان ڕووندەکەینەوە:

١- **مەرجی لێدوان** (Statement Condition) :

بێگومان ئاخاوتن پێویســتی بە هێما زمانییەکانە وەک بوونی وشـەی ( ئافرەتان) لەسـەر دەرگای تەوالێتی تایبەت بە ئافرەتان . یان ڕەنگە وێنەی ئایکۆنێک بێت کە وێنەی ئافرەتێک کە جلێکی سـێگۆشـەی لەبەرە . لەبەر ئەوەی لێدوان پێویستی بە بەکارهێنانی زمانە ، بەڵام مرۆڤ نەک تەنیا بە زمان بەڵکو لە دەکرێ لە ڕێگای هەر یەک لە زمانی ئاماژە و دوکەڵ و تەلەگراف ، ســیمافۆر( ئـامـاژەکـردن بە دوو ئـاڵا کە هەریەکەو بە دەستێکەوەیە ) و جووڵەکانی جەستە درۆ ئەنجام بدات . بۆیە ئەگەر تەنیا مەبەست زمان بێت دەکرێ بڵێین مرۆڤ ناتوانێ لە ڕێگای هەریەک لە ( پێکەنینی ســاختە ، لەســەر نانی قژێکی دەستکرد ، شەلینی بەدرۆ ، کەسێک هاوسەرگیری نەکردبێت و ئەلقە لەپەنجە بکات . یان جلی پۆلیس بپۆشی و بێ ئەوەی پۆلیس بێت) درۆ بکات . بۆیە مرۆڤ دەتوانێت نەفرەت بکات ، ســەرســوڕمانی خۆی دەبرێت ، بانگی کەســانی دەوروبەری بکات ، ســڵاو بکات ، لەم حاڵەتە نابێت بە هیچ کام لەمان بتوانێت درۆ بکات . یان ئەو لێدوانانەی بۆ گاڵتەجاری یان وەک بەشێک لە نوکتە ، یان شێوەکار لە کاتی نواندن ، یان لە ڕۆمان ، وەک لێدوان دەمێننەوە . بۆیە پێناسـەی تەقلیدی درۆ دەکەوێتە ژێر بـاری سێ مەرج (١) ئەگەر (س) لێـدوانێکی دا ئەمە واتای ئەوە نییە کە (س) لەو باوەڕەدایە کە لێدوانەکەی ڕاســتە (٢) ئەگەر (س) لێدوانێکی دا ئەمە واتای ئەوە نییە کە (س) مەبەســتی بێت کە گوێگرەکانی باوەڕبێنن کە لێدوانەکانی ڕاســتن (٣) ئەگەر (س) لێدوانێکی دا ئەمە واتای ئەوە نییە کە (س) مەبەستی بێت کەگوێگرەکانی لەو باوەڕەدابن کە (س) لەو باوەڕەدایە کە لێدوانەکەی ڕاستە .

ئەمە سـەرەڕای ئەوەی پێویسـتە مەرجی لێدوان جیابکرێتەوە لە مەرجێکی تر بۆ درۆ ، ئەویش مەرجی دووپـاتکردنەوەیە ، کە مەرجێکی پێویســـت نییە بۆ درۆ ، بۆ وێنە ئەگەر ڕێبوار خۆشـەویسـتی نەبێت ، بەڵام بۆ گاڵتە بیەوێ خەڵک باوەڕ بێنن کە هاوڕێیەکی کچی هەیە ، بۆیە لە وەڵامی پرسـیاری هاوڕێیەکی کە ئایا خۆشەویستی هەیە ، بڵێ ( بەڵێ ، ڕاستە من خۆشویستم هەیە .) لێرە هاوڕێیەکی باوەڕ بەوە دەهێنێت کە ڕێبوار بە نهێنی ژوان لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەبەستێت ، کەواتە بە گوێرەی مەرجی یەکەم ئەم (درۆکردن بەگاڵتەیە -**irony lie** ) دەچێتە خـانەی درۆ ، ئەگەرچی پشــتراســـت نەکراوەتەوە(**Ibid**) . بەگوێرەی ئەم مەرجە درۆ لە ڕێگەی نەگوتن یـان لابـردنی بەشــێـک لە لێـدوانەکـان ، یـان (درۆی پەرانـدن - **lies of omission**) و(درۆی نـادیـاری -**passive lying** ) بە درۆ دانانرێن . ئەمە سەرباری ئەوەی کەسێک دەتوانێ بە مانەوە بە بێدەنگی درۆ بکات ، ئەگەر (بێدەنگبوون) ئـامـاژەیەک بێت پێشـتر ڕێککەوتنی لەسـەر کرابێت کە یەکسـان بێت بە لێدوان لەهەمـانکـاتیشـــدا ئەم جۆرە درۆیە نـاخرێتە خـانەی درۆی پەرانـدن (**lie of omission**)، بۆ وێنە بەگوێرەی یـاســـای ویلایەتی کالیفۆرنیا ( لێدوان -**Statement**) ڕەفتاری نازارەکی کەسـێک دەگرێتەوە ، کە مەبەسـت لێی جێگرەوەی دەربڕینی زارەکی یان نووسـینەکی بێت ، کەواتە مەرجی لێدوان پێویسـتی بەدەربڕینی زارەکی و نووسینەکی نییە بۆ کەسێکی تر .

بۆیە ناکرێ تەنیا لێدوان بکرێتە مەرجێکی پێویســـت بۆ درۆ ، بەڵکو دەکرێ پێناســەی درۆ بە شـێوەیەکی تر دابڕێژرێتەوە بەو شـێوەی " هەر شـێوەیەک لە شـێوەکانی ڕەفتار کە ببێتە هۆی پێدانی زانیاری هەڵە یان بێبەشـــکردن لە زانیاری ڕاســـت یان هەوڵدانێکی بە ئەنقەسـتی سەرکەوتوو یان شکستخواردوو ، بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشـوەختە ، بۆ دروسـتکردنی باوەڕێکی تر ، بۆ ئەو کەسەی کە لەگەڵی لە پەیوەندیدایە و بە نادروستی دادەنێ . لەوەش گرنگتر دەکرێ درۆ بێبەشکردن لە زانیاری بە مەبەسـتی فێڵکردنیش لە خۆ بگرێت ، لە ڕێگەی لێدوان نەدان بەهـــیـــچ شـــێـــوەیەک . (**https://plato.stanford.edu/entries/lying-definition/**)

٢- **مەرجی ناڕاستی** (Untruthfulness Condition) :

بەگوێرەی ئەم مەرجە پێویسـتە کەسـەکە لێدوانێکی ناڕاسـت بـدات ، یـان لێـدوانێـک لەو بـاوەڕەدابێت کە درۆیە . کە ئەم مەرجە جیاوازە لەوەی کە ئەو لێدوانەی قسـەکەر دەریدەبڕێت درۆبێت ، بەم پێیە بە گوێرەی پێناســەکە مەرجی ناڕاســتی مەرجێکی پێویست نییە بۆ گوتنی درۆ ، چونکە دەکرێ دەربڕینە ڕاسـتەکان درۆ بن بۆ وێنە ئەگەر (جۆرج) بە مەبەسـتی ئەوەی (هیلاری) باوەڕی پێبکات کە دەربڕینەکەی ڕاســتە ، دەڵێت ( دوژمن چەکی کۆمەڵکوژی هەیە .) ئەم دەربڕینەی درۆیە ، ئەو درۆی نەکردووە ئەگەر لەو بـاوەڕەدا نەبێـت کە ئەم دەربڕینە درۆیە ، بە پێچەوانەش دەکرێ دەربڕینە درۆینەکان ڕاسـت بن ، بۆ وێنە "پۆل سارتەر" چیرۆکێک دەگێڕێتەوە لە بارەی جەنگی ناوەخۆی ئیسپانیا کاتێک لێپرسینەوە لە "پابلۆ ئیبیبیتا/ **Pablo Ibbieta** "دەکەن ، لەبارەی شوێنی هاوڕێکەی "رامون گریس"

ئەو بە هەڵە وا بیردەکاتەوە کە "گریس/**Ramon Gris**" لەگەڵ خزمەکانی خۆی شـــاردۆتەوە ، بەڵام ئەو لێدوانێکی درۆ دەدات دەڵێت : "گریس" لە گۆرستـــان خۆی حەشـــارداوە . ( بەمەبەستی ئەوەی باوەڕیهێنن کە لێدوانەکەی ڕاستە) ، بەڵام وەک ئەوەی ئەو گوتی ڕوویدا "گریس" لە گۆرستـان خۆی حەشـــاردابوو ، لێدوانەکەی ڕاســـت دەرچوو ، "گریس" دەستگیرکرا و "ئیبیبیتا" ئازادکرا . بەڵام بە گوێرەی پێناسەکە "ئیبیبیتا " درۆی لەگەڵ لێکۆڵەرەکان کردووە ، لەگەڵ ئەوەی لێدوانە درۆکانی ڕاستبوون ، لەبارەی شـوێنی هاوڕێکەی فێڵی لێنەکردبوون . بەگوێرەی مەرجی ناراســتی ، ئەگەر کەسێک لێدوانێکی ڕاستی دا بەمەبەستی فێڵکردن لە کەسێکی تر ئەوە درۆی نەکردووە . کە زۆرجار ئەمە دەچێتە ناو (یاریکردن بە زمان - **palter**) کە لە ڕێگەی فـێـڵـکـردن لە گـوێـگـر ، ســەرلێشێواندن و فریودان پیادە دەکرێ . (**https://plato.stanford.edu/entries/lying-definition/**)

کەواتە مەرجی ناڕاستیش بە مەرجێکی پێویست نازانرێت بۆ درۆ ، کە ئەم بەرهەڵستییە لە چەند شێوەیەک خراوەتە ڕوو . (١)( **Barnes**)هەندێ گفتوگۆ لە بارەی ئەوە دەکەن کە هەر لێدوانێک بە مەبەستی فێڵکردن بدرێت ئەوە درۆیە ، تەنانەت لێدوانی ڕاستیش ، ئەگەر مەبەستەکە فێڵکردن بێت . بۆیە (بوک-**Bok** ) پێناسەی درۆ دەکات بەوەی بریتییە لە هەر پەیامێکی بە ئەنقەست فێڵبازانە بدرێت (٢) هەندێکی تر بە پشت بە ستن بە لێکەوتەی ئاخاوتنی (گرایس-**Grice** ) گفتوگۆ لەبارەی ئەوە دەکەن ، هەر کەسێک لێدوانێکی ڕاست بدات ، بەڵام لە دەرەنجامی لێکەوتەی ئاخاوتنەکەی لێدوانەکەی ناڕاست بێت ئەوا درۆی کردووە ، کە ئەم لێکەوتە ناڕاستە ، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مەبەستدارە ، (٣) بەشێکی تر گفتوگۆ لەبارەی ئەوە دەکەن کە دەکرێ لە ڕێی گاڵتەوە درۆ بکرێت وەک (درۆی ئایرۆنی -**lying ironically** ) یان (درۆی ناڕاستەوخۆ-**indirect lying** ) . هەروەها ڕەخنەیەکی تر ئەوەیە ، کە مەرج نییە درۆ ئەو باوەڕەت لا دروست بکات ، کە ئەو لێدوانەی دراوە ڕاست نییە ، ئەوەندە بەسە کە باوەڕ بە ڕاستی لێدوانەکە نەکەی ، یان باوەڕت وابێت لێدوانەکە لەوانەیە درۆ بێت . (**Ibid**)

**٣- مەرجی وەرگر (**Addressee Condition**) :**

بەگوێرەی مەرجی گوێگر پێویستە کەسێک هەبێت ئەم درۆیەی لەگەڵ بکرێت ، واتە کەسێک هەبێت ئەم لێدوانە ناڕاستەی ئاراستە بکرێت . بەو پێیە بەهیچ شێوەیەک ناکرێت درۆ لەگەڵ خۆت بکەی ، ناشکرێ درۆ لەگەڵ کەسێک بکرێت کە نایدوێنیت ، بەڵام وا گوماندەبەیت کە گوێی لە ئاخاوتنەکەتە . بۆ وێنە کاتێک (ڕێبوارو کارزان) لە تەلەفۆن قسەدەکەن ، بەڵام وا گومان دەکەن لەلایەن دەزگای ئاسایش چاودێریان بکرێت بەم شێوەیە ڕێبوار دەڵێتە کارزان ( سبەی نیوەی شەو کاڵاکان بەدەستت دەگەن) بەمەبەستی فێڵکردن لە ئاسایش کە گوێی لێگرتوون ، بەم پێیە ڕێبوار درۆی لەگەڵ ئاسایش نەکردووە .

هەر بەگوێرەی پێناسەکە دەکرێ درۆ لەگەڵ جەماوەر بکەی بۆ وێنە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێکی ناڕاست لەبارەی ڕووداوێک ، وەک لێدوانێکی ناڕاست لە بارەی باجدان ، یان لە ڕێگەی ناردنی نامەیەکی ئەلیکترۆنی ناڕاست ، یان لە ڕێگەی گۆڤار یان ڕێکلامی تەلەفزیۆنی ، کە لەم حاڵەتانە ( خوێنەر و گوێگر و چاودێرەکان ) دەبنە وەرگر .

بەگوێرەی مەرجی وەرگر ، درۆ ئاراستەی کەسێک دەکرێت کە بتوانێت لە پەیامەکانت بگات و توانای لێکدانەوەیانی هەبێت ، لەسەر ئەو بنەمایە ناکرێ درۆ لەگەڵ هەندێ شت و گیانداربکرێت کە کەس نین ، وەک ( ئاژەڵ ، ڕۆبۆت ، ...) یان ئەو کەسانەی کە لەوباوەڕەدای کە ناتوانن لە دەربڕینەکانت بگەن وەک (منداڵی ساوا ، شێت ، یان ئەو کەسانەی لە زمانی تۆ ناگەن "قسەپێکەوانی زمانی تر کە زمانی تۆ نازانن" ئەگەرچی دەکرێ درۆ لەگەڵ کەسانی تر بکەی لە ڕێگەی ئامرازی نێوەندگیر ، نەک کەسان ، وەک پڕکردنەوەی داتای ناڕاست لەبارەی ئەو پرسیارانەی ئامێری پارەدانی ئەلیکترۆنی بانک لێت دەکەن ، یان لەکاتی دانانی هەژماری ساختەی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان بەزانیاری کەسی ساختە . (**Ibid**)

ئەو ڕەخنانەی لەبارەی مەرجی وەرگرەوە خراونەتە ڕوو ، بەرهەڵستی ئەوە کراوە ئەوەندە بەسە بۆ درۆ کە لێدوانەکە ناڕاست بێت ، ئەگەر ئاراستەی کەسیش نەکرابێت تەنانەت خودی خۆشی (**Griffiths**)، بەوەش دەکرێ پێناسەی درۆ بکرێت بەوەی دەربڕینێکی ئاگامەندانەیە بەوەی کە باوەڕمان پێی نییە (**Shibles**)، هەروەها ڕەخنەیەکی تر ئەوەیە کە دەکرێ درۆ لەگەڵ لایەنی سێیەمیش بکرێت ، کە گفتوگۆی لەگەڵ ئەنجامنادرێت (وەرگر نییە) ، بەگشتی دەکرێ ئەو حاڵەتانەش جیابکرێتەوە کە گوێهەڵخەرەکە لەلایەن کەسی یەکەم و دووەمەوە نەناسراوە ئاگامەندانە بەدزییەوە گوێدەگرێت ، ئەو حاڵەتانەش کە قسەکەر کاتێک لەگەڵ وەرگر دەدوێت بەڵام دەزانن کەسێکی تر گوێیانلێدەگرێت و پەیامەکان مەبەستدارانە ئاراستەی دەکرێت . هەروەها حاڵەتەکانی ئابڕووبردن و ناوزڕاندن و هاوشێوەکانی کە سەرەڕای ئەوەی لایەنی یەکەم و دووەم دەزانن کە گوێگر گوێیان لێدەگرێت ، بەڵام گوێگر نازانێت کە ئەوان گوێی لێدەگرن ، تەنانەت ئەگەر نەشتوانین درۆ لەگەڵ گوێهەڵخەرە یان بیسەران بکەین ، بەڵام لە حاڵەتی ئابڕووبردنی ساختە دەکرێ درۆ بکەین .

ڕەخنەیەکی تر کە ئاراستەی مەرجی وەرگر دەکرێت بریتییە لەوەی دەکرێ دۆر لەگەڵ ئاژەڵ و ئامێرو ڕۆبۆتیش بکرێت ، کەسێکی تریش وەک کاتێک خاوەن ماڵێک لە نیوەی شەو لەخەو ڕادەبێت و بە دەنگێکی بەرز پرسیار لە بارەی بوونی دز دەکات و دەڵێت بە تفەنگەکەی دەچێت بۆیان ، ئەگەرچی هیچ جۆرە چەکێکی نییە . (**Ibid**)

**٤- مەرجی مەبەستی فێڵکردن لە وەرگر (** Intention to Deceive the Addressee Condition**) :**

بەگوێرەی ئەم مەرجە ، پێویستە درۆ ئاراستەی کەسێک بکرێت تا ئەو کەسە باوەڕبکات ئەم زانیارییە درۆینەیە ڕاستە . بەڵام گوتنەکانی ( گاڵتە ، نوکتە ، ڕۆمان ، نواندن ... هتد . بێ بوونی مەبەستی ئەوەی وەرگر باوەڕ بەم لێدوانە ناڕاستانە بکات

که ڕاســتن ، به درۆ دانانرێت . ئەگەر (أ) لێدوانێکی ناڕاســتی ئـاراســتەی(ب) کرد بێ بوونی مەبەســتی ئەوەی کە (ب) باوەڕبکات دەربڕینە ناڕاستەکە دروسـتە ، بەڵکو بە مەبەسـتی ئەوەی کە (ب) باوەڕبکات کە شتێکی تر ڕاستیەکەیە کە (أ) لەو باوەڕەدایە ڕاسـتە ، ئەوکات بەگوێرەی پێناسـەکە (أ) درۆی لەگەڵ (ب) نەکردووە . واتە لێدوانێکی دوور لە فێڵی ناڕاسـتی داوە . بۆ وێنە کاتێک خزمەتکارێک بە شـێوەیەکی ناڕاسـت دەڵێتە میوانێکی پێشـوازیلێنەکراو "خانمەکەم لە ماڵ نییە " بێ ئەوەی مەبەسـتی بێت میوانەکە بـاوەڕبکات کە ڕاسـتە خـانمەکەی لە مـاڵ نییە (هەرچەنـد ئەمە بۆ خزمەتکـارەکە دەبێتە درۆ) ، بەڵکو بە مەبەسـتی ئەوەی کە ئێسـتا ناتوانێت خاوەن ماڵەکە ببینێت و کاتێکی گونجاو نییە بۆ بینینی خاوەن ماڵەکە، بەڵام بەگوێرەی پێناسەکە خزمەتکارەکە درۆی لەگەڵ میوانەکە نەکردووە. خزمەتکارەکە ئەمەی بە باشـترین ڕێگە زانیوە بۆ تێگەیاندنی میوانەکە ، ئەمەش دەچێتە خانەی (درۆی ڕەوشـتی -**Polite untruths**) و بە "دەسـتکاریکردنی ئاخاوتن دادەنرێت نەک درۆ " یان دەکرێ بڵێین وا باشـترە ئەم جۆرە حاڵەتانە ناوبنێین قسـەکردن لەڕێگای کۆدەوە . نموونەیەکی تری لێـدوانی دوور لە فێـڵ و نـاڕاسـت ، کە بە گوێرەی ئەم پێناسـەیە درۆ نییە "درۆی دۆسـتانەیە-**altruistic lie**" وەک کاتێک قسەکەر لێدوانێکی ناڕاست ئاراستەی گوێگرێک دەکات لەو باوەڕەیە متمانەی پێناکات ، تا وەرگرەکە باوەڕبە شـتێک بکات ، کە قسەکەرەکە وای بۆ دەچێت ڕاستبێت (**Ibid**) .

نابێت ناڕاسـتی دوور لە فێڵ تێکەڵ بکەین لەگەڵ (١) درۆی سـپی (**white lies**) وەک درۆیەکی بێ زیـان (٢) درۆی کۆمەڵایەتی (**social lies**) کە زیان بەکۆمەڵگا نـاگەیەنێت ، بەڵکو دەیپـارێزێـت (٣) (درۆی بچـووک /وردە درۆ/ درۆی نالۆژیکی-**fibs**) کە بەهۆکاری کەسی و خۆویسـتانە دەکرێن . ئەگەرچی هەموویان بە شـێوەیەکی ئەنقەسـت فێڵدەکەن و بەگوێرەی پێناسـەکە هەموویان هەر درۆن . نموونە بۆ درۆی سپی وەک کاتێک " شێوە" کراسێکی نوێ دەکرێت ، کاتێک بۆ یەکەمجار تاقیدەکاتەوە لە ڕێبواری هاوسـەری دەپرسێت ( ئایا بۆ من جوانە ) ، ڕێبوار دەڵێت "بەڵێ" لەگەڵ ئەوەی دەزانێت کە کراسـەکە ناشرین و تەسـکە . بۆیە پێویسـتە درۆی سـپی و درۆی کـۆمەڵایەتی لەو درۆیـانە جـیـا بـکەیـنەوە لە " درۆی پاسـاودار" بەهۆی ئەو باشـییەی لێی دەکەوێتەوە ، بۆیە ناکرێ ناوی بنێین درۆی سـپی یان کۆمەڵایەتی چونکە دەرەنجامەکانی گەورەن ، "جا هەرچەند ڕەوشـتی بن" وەک کاتێک (درۆ بکەی لەگەڵ پۆلیسێکی نازی لە بارەی شوێنی جولەکەیەک)

ئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی ئەم مەرجە دەکرێنەوە بریتین لەوەی ، هەتا ئەگەر نیازی فێڵکردن لە وەرگر پێویسـت بێت بۆ درۆ ، بەڵام نیازی فێڵکردن لە وەرگر لە بارەی ناوەرۆکە ناڕاسـتەکە پێویسـت نییە . بەلایەمی کەمەوە دوو ڕێگەش هەیە بۆ هەمواركردنی ئەم پێناسـەیە (١) دەکرێ بڵێین ئەوەی پێویسـتە بۆ درۆ بریتییە لە نیـازی فێڵکردن لە وەرگر لە بـارەی بـاوەڕی قسـەکەر بەوەی دەربڕینە ناڕاسـتەکە دروسـتە . بۆیە دەکرێ پێناسـەکە بەم شـێوەیە هەمواربکرێتەوە (پێشـکەشـکردنی لێدوانێک (أ) بۆ کەسـێکی تر، کە لەو باوەڕەدایە (أ) هەڵەیە ، بە مەبەسـتی ئەوەی کەسـێکی ترباوەڕبکات (أ) ڕاسـتە . یان پێشـکەشـکردنی لێدوانێکی درۆینەیە بۆ کەسـێکی تر ، یان بەمەبەسـتی ئەوەی کەسـێکی تر باوەڕ بە ڕاسـتی ئەم لێدوانە بکات ، یان بە مەبەسـتی باوەڕبوون (بەهۆی کەسـێکی تر) کە ئەم لێدوانە باوە{دەکرێت ڕاسـت بێت (لەلایەن ئەوکەسـەی لێدوانەکەی داوە) .

لەبارەی ئەم مەرجە ئەوەش خراوەتەڕوو ، کە نیازی فێڵکردن لە وەرگر پێویسـت نییە ، لە بارەی ناوەرۆکی لێدوانە ناڕاسـتەکە یان لە بارەی باوەڕەکانی قسـەکەر لە بارەی لێدوانە ناڕاسـتەکە . تەنیا ئەوەندە بەسە کە نیازی فێڵکردن لە بارەی هەندێ شتەوە هەبێت ، واتا تەنیا ئەوەندە بەسـە کە قسـەکەر مەبەسـتی بێت کە وەرگر باوەڕبهێنێت بە ڕاسـتی شـتێک کە قسـەکەر لەو باوەڕەدایە کە ناڕاستە . وەک دیارە ئەم بەرهەڵستییە درۆ وەک هەر فێڵێک دەبینێت کە لێدوانی ناڕاسـت لەخۆدەگرێت ، ئەگەر ئەم ڕەخنەو ڕەخنە لە بارەی ئاراستەکردنی درۆ بۆ لایەنی سـێیەم وەک لە حاڵەتی ئابڕووبردنی درۆینە . سـەرەڕای بوونی پەیوەندی لە نێوان درۆ و فێڵ ، بۆیە دەبێت بەو شـێوەیە لەو نیازە بگەین کە تەنیا نیازی فێڵکردن لە کەسـێکی تر ، کە نیازی شـاردنەوەی زانیـاری لە کەسـێکی تـر ، بە گـوێرەی ئەم بەرهەڵسـتییە شـاردنەوەی بەڵگە هێشـتنەوەی بەڵگەکان بە نهێنی بە فێڵکردن دادەنرێت لە کەسێکی تر (**Ibid**) .

**(٢/٣-٥) سوکایەتی راستەوخۆ (**straight insults**) و جنێوی زبر (**expletives used as intensifiers**):**

لەم شـێوەیە خراپە بەکارهێنانی زمان دەگاتە ئەو پەڕی توندی و هیچ جۆرە هاریکارییەک لەنێوان بەشـدارانی ئاخاوتن نامێنێت پێشێلی زۆرێک لە ئایدیالەکان بەدیدەکرێت .

(١) سـوکایەتی ڕاسـتەوخۆ :ئەم جۆرە ڕیسـواکردن و سـوکایەتیکردنە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ ئەنجامدەدرێت وەک دەربڕینەکانی (زۆڵ ، بیژی ، حەرامزادە ، ...)

(٢) جنێوی زبر/ توند : کە بەم شێوەیە دابەشدەبن :

أ- لەسـەر بنەمـای نەژاد (**race**) وەک (فلیپینی ، ئەفریقی ، میسری ، هیندی ،مەغۆل ، لە ڕووی بێڕێزییەوە .... )

ب- لەسەر بنەمای ڕەگەز و سێکس (**gender and sexual**) : وەک ( قەحپە ، داوێنپیس ،..... )

پ- لەسـەر بنەمای ئاینی (**religion**): وەک ( جوولەکە ، گاور ، زندیق ، مولحید ، .... ) .

ت- لەسـەر بنەمای باری کۆمەڵایەتی (**social status**) : وەک ( بێوەژن ، دۆم ، قەرەج ، تەڵاقدراو ، قەیرە ، ....)

ج- لەسـەر بنەمای ناتوانایی و کەمئەندامی (گۆچ ، شـەل ، کوێر ، کەڕ ، .....).

## ئەنجامەکان

١- "بەکارهێنانی زمان" لە توێژینەوەی زمانیدا لقێکی سـەربەخۆی توێژینەوەی زمانییە ، کە دەکرێ وەک لایەنی سـێیەمی توێژینەوەی زمان دابنرێت . جیاواز لە ڕۆنان و واتا . کە ناکەوێتە ژێر سـایەی هیچ یەک لە زانستەکانی زمان و بەتەنیا لقێکی سەربەخۆیە بەڵام یەکتربڕی

زۆرینەیانە وەک واتاســـازی و کۆزمانەوانی و زمانەوانی دەروونی و شیکردنەوەی گوتار .

٢- "کاپلن و دێڤەر" لە ڕێگای دارشتنی حەوت نموونەی ئایدیالی کە لە هەوڵەکانی زۆرێک لە تیۆردانەران لە بارەی زمانی سروشتی پێشـکەشکراون ، هەوڵیانداوە ئەوە بخەنەڕوو کە لادان لێیان بەکارهێنانەکانی زمان بە شێوەیەکی پلەبەند لە پەیوەندییەکی نموونەییەوە بەرەوخراپی و خراپی زیاتر دەبەن .

٣- هەندێ جار لادان لەم ئایدیالانە ناکرێ بەخراپ دابنرێت ، بۆ وێنە لە ڕێگای پێشێلکردنی بنەماکانی هاریکارییەوە کە دەتوانین بە "تێکشکاندنی هاریکارییانەی بنەماکانی هاریکاری ناوی ببەین" سوود بە ئاخاوتن دەگەیەنێت ، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو متمانەیە دامەزراوە کە قسەکەر بەگوێگری هەیە . بۆ وێنە ڕێگە بە کورتبڕی دەدات ، یانیش ڕەنگە بە مەبەست بمانەوێت شتەکان بە ناوردی بگەیەنین وەک ( هەمووان ئامادەی ئاهەنگەکە دەبن) ئەمە جگە لەوەی واتای لێکەوتە دەکرێ هەڵخەڵەتێنەربێت لێکەوتە ڕێگە بە قسەکەران دەدات کەمتر ڕاشکاو و ڕوون بن ، لە هەندێ حاڵەت سەبارەت بە مەبەست و نیازەکانی پەیوەندیکردنیان نا هاریکارو چەواشەکاریش بن. ئەوکات پێشێلی سەرجەم ئایدیالەکان دەکەن .

٤- پێشگریمانە دەکرێ خراپ بەکاربێت کاتێک زانیارییەک پشتراستدەکاتەوە کە لە واقیعدا ڕەنگە بوونی نەبێت ئەمەش وەک شێواندنی ڕاستی (ئەنجامی ٥) پێشێلی بنەماکان دەکات، بۆ وێنە "ڕێبوار دەستی لە جگەرەکێشان هەڵگرتووە" . لێرە ئەوە دەسەپێنێت کە ڕێبوار جگەرە کێشە . کە ڕەنگە هەرگیز جگەرەی نەکێشابێت ، یان لە وەڵامدانەوەی پرسیارێکی وەک ئایا پێش هاوینی ساڵی ٢٠٢١ دەستت لە بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر هەڵگرتبوو ؟ لێرە وەڵامدانەوە بە بەڵێ یان نەخێر داننانە بە بەکارهێنانی ئەم مادەییە پێش و دوای ئەو بەروارە .

٥- لە هەنگاوێکی خراپتردا کاتێک قسەکەران بیانەوێت ڕاستییەکان بەشێوەیەکی جدیتر بشێوێنن لە ڕێگەی درۆکردن ، بەمەش بەتایبەتی پێشێلی (٣-٥)ی بنەما ئایدیالەکان و بنەمای چۆنییەتی گرایس دەکەن لە نموونەی (١)، کە ئەمە بابەتی ئەندێشەیی لێبەدەردەکرێت .

٦- سوکایەتی ڕاستەوخۆ و جنێوی زبر لەسەر بنەمای نەژاد ، ڕەگەز ، سێکس ، باری کۆمەڵایەتی و کەمئەندامی ، شێوەیەکی ڕاشکاوترو زۆر ڕاستەوخۆو توندتری بەکارهێنانی خراپی زمانە . بەمەش پێشێلی ئایدیالەکانی (١) (٢) (٣) (٥) و هەندێجاریش بنەماکانی (٦) (٧)دەکەن .

## سەرچاوە کان


1. باتنی ، محمد رەزا (٢٠١٥)، دەربارەی زمان، وەرگێرانی لە فارسییەوە (ئاکۆ عەبدوڵلا کەریم ) ،چاپی یەکەم .
2. دزەیی ، عەبدولواحید موشیر (٢٠١١) ، زانستی پراگماتیک ، چاپخانەی پاک / هەولێر .
3. شەرەفکەندی ، عەبدولرەحمان (١٣٨١) ، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە ، چاپی سێیەم/ تاران .
4. فەتتاح ، محەممەد مەعروف (٢٠١١) زمانەوانی ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی حاجی هاشم /هەولێر .
5. فەرەج ، تریفە محەممەد & عەزیز ، عومەر ئەحمەد(٢٠١٩) ، مەبەستە پراگماتیکییەکانی ناو بچووککردنەوە لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ، بەرگی (٦) ژمارە(١) .
6. فەرهادی ، ساجیدە عەبدوڵلا (٢٠١٣) ، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی ، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ، ژمارە (٢٢٢) . (ژمارەی چاپ نەنووسراوە) .
7. محەممەد ، حاتەم ولیا (٢٠١٩) مۆرفۆلۆجی ، چاپی یەکەم .
8. موکریانی ، گیو (١٩٩٩) ، فەرهەنگی کوردستان ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، چاپی یەکەم /هەولێر
9. ناوخۆش ، سەلام (٢٠١٦) ، زمانەوانی لە یانییەوە بۆ چۆمسکی ، شرۆڤەیەکە دەربارەی مێژووی دیتنی زمان ، بڵاوکراوەی کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی ، چاپی یەکەم/ هەولێر .

سەرچاوە عەرەبییەکان:

10. إبراهيم ، عبدالرسول سلمان & هلال ، عبير خزعل خلف (٢٠١٦) ، المباحث التداولية عند الدكتور محمود احمد نحلة ، مجلة ديالى ، العدد (٧٠)
11. الشريف(د) ، حمدى عبدالحميد محمد محمد (٢٠١٨) ، المشروعية الفلسفية للكذب و الخداع السياسى ، حولية كلية الاداب ، جامعة بنى سويف ، مج (٧).
12. جلولي ، العيد (٢٠١١) ، نظرية الحدث الكلامي من أوستين إلى سيرل ، مجلة الأثر ، العدد الخاص : أشغال الملتقى الدولى الرابع فى تحليل الخطاب . المجلد (١٠) ، العدد (١٢) .
13. علوي ، حافظ أسماعيلي (٢٠١٤) ، التداوليات (علم استعمال اللغة) ، عالم الكتب الحديث ، أربد / أردن . الطبعة الثانية.
14. فوزية ، طيب عمارة (٢٠١٩) اللسانيات التداولية المفاهيم و المصطلحات ، جسور المعرفة ، المجلد (٥) ،العدد (٣) .
15. مزيد ، بهاءالدين محمد(د) (٢٠١٠) تبسيط التداولية ، السمش للنشر و التوزيع ، الطبعة الاولى ، القاهرة .
16. يحي ، هلال (٢٠١٧) ، نظرية أفعال الكلام في التداولية المعاصرة مجلة أبعاد ، العدد (٤) .
17. يعقوب ، رشا مسلم & المالكي ، انجيرس طعمة (٢٠٢١) ، التداولية في الفكر العربي ، مجلة الخليج العربي المجلد (٤٩) ، العدد (٢)

سەرچاوە ئینگلیزییەکان :

18. Biber, D & Conrad, S & Reppen, R (2006) CORPUS LINGUISTICS ,investigating language structure and use , fifth printing . Cambridge university press.
19. Cappelen , H & Dever, J (2019), Bad language, contemporary introductions to philosophy of language, OXFORD UNIVERSITY PRESS.
20. H (2005) Using language, Cambridge university Clark, press, sixth printing.
21. Grice ,P (1989) Studies in the way of words , Harvard University Press
22. FINEGAN ,EDWARD (2008) LANGUAGE its structure and use, Fifth Edition , Boston , MA : Thomson Wadsworth.
23. Yule ,G (2010)The Study of Language, Fourth edition, Cambridge University Press.

**بەستەری ماڵپەرەکان:**

24. https://blogs.ubc.ca/badlanguage/2019/04/05/wittgenstein-are-language-games-just-playing-on-ords/#comments.
25. https://plato.stanford.edu/entries/lying-definition/